دابینکردنی مافه نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتـانی ئێـران

ژمارە ٦٥٥، یەک شەممە، ٣١ی جۆزەردانی ١٣٩٤، ٢١ی ژوەنی ٢٠١٥، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

## حیزبی دێموکرات لە پەیامیکدا سەرکەوتنی HDP ی پیرۆزبایی کرد

بۆ سەرۆکایەتی بەڕێزی HDP
بۆ بەڕێز سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی HDP
لە گەڵ سڵاو!

بە بۆنەی سەرکەوتنتان لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥ی زایینی تورکیەوە لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێرانەوە پیرۆزبایی لە ئێوەی بەڕێز و لە ڕێگای ئێوەشـــەوە لە ئەندامان و لایەنگرانی HDP و بە گشتی لە سەرجەم خوشك و برایانمان لە کوردستانی باکوور دەکەین و لە خۆشی ئەم سەرکەوتنەدا بەشدارین .هیواداریین ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە بەگشـــتیی و سەرکەوتنی HDP لەو هەڵبژاردنەدا بە تایبەتی گەشـــە بە دێموکراسی و ڕەوتی ئاشتی لە تورکیە بدا و ڕێگای بۆ گەیشتنی کورد لە باکوور بە ماف و ئازادیەکانی خۆش بکا.
لەگەڵ ڕێزی دووبارە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ دەفتەری سیاسی
١٣٩٤/٣/١٨ی هەتاوی ـ ٢٠١٥/٦/٨ی زایینی



دێموکرات، حیزبێک کە شانازییەکانی دابەش دەکات و شکستەکانی نا
٤


سنوورەکانی نێوان خاکی کوردستان هی کێیە؟
٦


داوی خەیانەت
٨


وتووێژی تۆڕی میدیایی ڕووداو لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری
٩


## لە سەفەرەکەی سکرتێری گشتیی حیزبدا:

# ڕامیارانی ئەمریکا پشتگیری بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات دەکەن









مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێران لە چاوپێکەوتنەکانیدا لەگەڵ کاربەدەستانی جیاوازی ئەمریکایی، ڕوانگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لەپێوەندی لەگـەڵ بارودۆخی ئێران، کوردســتان و ناوچەکە ڕوون و شی کردەوە.

بەڕێز هیجری لە سەردانی کومیتەی کاروبـاری دەرەوەی ســەنا ڕایگەیاند: «ڕێژیمــی ئێران یەکێك لــە گەورەترین مەترســییەکانە کە تەناهیی ناوچەکەی تووشــی مەترسی کردووە و پیشانی داوە کە بۆ تێکدانی ئاسایشــی ناوچەکە لە هیچ کارێ سڵ ناکاتەوە، تەنانەت ئەگەر هاوکاریی گرووپی داعشیشی کردبێ.»

بەڕێــز هیجــری ســەبارەت بەوەیکە ڕێژیمی ئێران بۆ مانەوە و ژیانەوەی خۆی تەنیا لە بەرامبەر هەڕەشــە و گوشاردا چۆك دادەا، ڕایگەیاند:» پێویســتە ئەم گوشــارانە لەســەر ئێران بەردەوام بن تا ڕێژیم ناچار کات لەمەڕ پرســی مافی مرۆڤ، سیاسەت و هەڵسوکەوتی خۆی بگۆڕێ.»

دواتر بەرپرســی پلەبەرزی کومیتەی کاروباری دەرەوەی سەنای ئەمریکا، وێڕا بەگرینگ زانینی لێدوانەکانی سکرتێری گشــتیی حیــزب ڕایگەیانــد:» ئەم دەرفەتێکی بێ وێنەیە کە ئەوان دەتوانن لە ڕوانگەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێــران ئاگادار بن، چونکوو ئــەم جــۆرە ڕوانگەیانە، ڕوانگەیەکی جیــاوازە و نموونەیەکە لە ڕوانگە گشتییەکانی ناوچەکە.»

ناوبراو وتیشی:» ئەو پرس و باسانەی کە بەڕێــز هیجری خســتیانە بەرباس، هەمان ئەو پــرس و باســانەن کە ئێمە لەپێنــاو بەدواداچــوون و ڕوونکردنەوە و داخوازیی وەڵامدانەوە دەیدەین بە کابینەی ئۆباما.»

سکرتێری گشــتیی حیزب لە چەند چاوپێکەوتنی دیکەدا لەگەڵ «ستیف کینــك»، «بــراد شــێرمەن»، «داینا ڕۆراباکێر» و نووسینگەی کونگرە «تام مارینۆ» و ئەندامانی کونگرەی ئەمریکا، لە نەتەوەی ئەمریکا داوای کرد، نەتەوەی کورد لە ئێراندا لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامی بە تەنیا نەهێڵنەوە و پشتیوانی نەتەوەی کورد بن.

ســکرتێری گشــتیی حیــزب لــە چاوپێکەوتنــی لەگەڵ نووســینگەی ســەناتۆری کۆماریخواز جان مەك کین دوایییــن وەرچەرخانەکانی ئەم دواییانەی ئێران و ناوچەکــە و هەروەها ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێرانی ســەبارەت بە پرسە جیاوازەکان خستە بەر باس و لێکدانەوە.

لــەم چاوپێکەوتنــەدا بەڕێز هیجری وێڕای دەسنیشان کردنی مەترسییەکانی ڕێژیمــی ئێران، ئەو مەترســییەی وەك گەورەتریــن کۆســپی ســەر ڕێــگای سەقامگیری ئاشــتی و دێموکراسی لە ناوچەکەدا دەسنیشــان کــرد و وتی: لە نێوبردنی کۆماری ئیســلامی، پێویستی بە هاوکاری هەموو لایەکە و بە تەنیا لە لایەن حیزبێکەوە بەدی نایەت.

ڕۆژی پێنجشــەممە چــواردەی جۆزەردانیــش بەڕێز هیجری ســەردانی دوو ناوەنــدی «ئاتلانتیك کانســێل» و «هاینریش بێل»ی کرد کە لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و سیاسەتدانی ئەمریکان.

بەرپرســانی دوو دامــەزراوەی سیاســەتدانان جەختیان کــردەوە کە بۆ بەهێزکردنی لێڕوانین و شیکاری و ناسینی پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران پێویستە کە بواری لەبار بۆ چاوپێکەوتنی دامــەزراوە سیاســەتدانەرەکانی ڕۆژئاوا لەگەڵ ڕێبەرانێکی سیاسی وەك مستەفا هیجری، ســکرتێری گشــتیی حیزبی دێموکرات، خۆش بکرێت.

ڕۆژی پێنجشەممە بیست و یەکەمی جۆزەردانیش ســکرتێری گشتیی حیزب لەگــەڵ دوو کونگرێســمەن «کووك» و ســەناتۆر «مارکــی» چاوپێکەوتنی هەبوو.

بەرێز هیجری لەم ســەردانەدا هێمای کرد بۆ دانووستانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیســلامی و وڵاتانــی ١+٥ و وتی: پێشگرتنی ئێران لە دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوەکی بــە دڵنیاییەوە کارێکی بەقازانجــە بۆ ناوچەکە، بەڵام گومانمان هەیــە کە ئــەم ڕێککەوتنانــە ئێمە بە ئامانجەکانمان بگەیەنێ.

لــەم چاوپێکەوتنــەدا دوو لایەنــی خانەخــوێ پشــتیوانی خۆیــان لەپێناو هــاوکاری کردنــی نەتەوەی کــورد لە کورســتانی ئێران ڕاگەیانــد و وتیان کە ئەمە ڕاســتییەکە کە نەتــەوەی کورد و نەتــەوە ژێر ســتەمەکانی دیکەی ئێران پێویستیتان بە یارمەتی و هاوکاری هەیە تا بە ئامانجەکانیان بگەیەن.

ڕۆژی دووشەممە بیست و پێنجەمی جۆزەردانیش ســکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێــران چاوی بــە «ڕێندی وێبر» ئەندامــی کونگرە کەوت.

ســکرتێری گشــتیی حیــزب لــە قسەکانی خۆیدا لە چاوپێکەوتن لەگەڵ «وێبر»دا جەختی کــردەوە، نەتەوەکانی ئێران خوازیــاری گۆڕینی ڕێژیمن و نە تەنیا ئەمریکا، بەڵکــوو هیچ وڵاتێکی دیکە مافی ئەوەی نییە لەبەرامبەر ئەم ئیرادەیەدا بوەستێ.

بەڕێز هیجری لە درێژەی قســەکانیدا وتــی: ڕێژیمــی ئێــران خەریکــی پەرەپێدانی دەســتێوەردانەکانی خۆیەتی لە ناوچەکە و ئەم کێشــەیە مەترسیەکی گەورە ڕووبەڕووی حیزبــی دێموکراتی کوردســتانی ئێــران و هەروەها وڵاتانی ڕۆژئاوایی و هاوپەیمانانی لە ناوچەکەدا دەکاتەوە.کونگرێسمەن وێبر جەختی کردەوە کە لەگەڵ بەشێکی بەرچاو لە قسەکان و لێدوانەکانی بەڕێز هیجریدا هاوڕایە.

وێبر هەروەها ڕایگەیاند کە چۆنیەتی هەڵســوکەوت لەگەڵ ڕێژیمــی ئێراندا یەکێــك لە جیددیتریــن نیگەرانییەکانی ئەمریکایە.

لەو کۆتایی ئەم دیدارەدا، وێبر جەختی کردەوە کە پێویســتە لەگەڵ نەتەوەکانی ئێران کە لەپێناو داهاتووی خۆیاندا هەوڵ دەدەن، هاوکاریی تەواو بکرێت.

## پەیڤ

ناهید حسێنی

هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دەســت بە کار بوونیەوە، حەســەنی ڕووحانی ئەو کلیدەی کە پێشتر بەڵێنی دابوو کێشە کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی ئێرانی پێ چارەسەر بکا فڕێ دا و لە جیاتی ئەو، پەتی سێدارەی بە دەستەوە گرت. زۆری پێ نەچوو کە ڕێژەی لە سێدارەدانەکان لە ســەردەمی ڕووحانــیدا تەنانەت ڕێکۆردی سەردەمی سەرۆك کۆماریی مەحموود ئەحمەدی نژادیشی تێپەڕاند و گەیشــتە بەرزترین ئاست لەو چەند ســاڵەی دوایی دەســەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا. لە مێژووی ئەو ڕێژیمەدا، ڕووحانی دووهەم ســەرۆك کۆمارە کە لە ژێر پەردەی چاکسازیدا، پۆل پۆل لاوانی وڵات بەرەو پەتی سێدارە بەڕێ دەکا و لە هەمان کاتیشدا زۆر بە ڕوو هەڵماڵراوییەوە دروشمی بەختەوەرکردنی کۆمەڵگای ئێران بــەرز دەکاتەوە. بەر لەو، خاتەمی هەوڵی فریودانی خەڵکی ئێــران، ڕای گشــتی و کۆمەڵگای نێونەتەوەیــی دابوو، بــەڵام نەیتوانی بــۆ ماوەیەکــی درێژ خــۆی لە ژێر دەمامکی گۆڕانخوازی و چاکسازیدا بشــارێتەوە. بەتایبەت هەڵوێستەکانی ســەبارەت بــە ئازادیــی ڕادەربڕین، ســەرکوتی ڕووناکبیران، خۆپێشاندانە خوێندکارییــەکان و ئازادیی چالاکییە سیاسیەکان هیچ جیاوازییەکیان لە نێوان ئەو و پاشــڤەڕۆترین بەشی دەسەڵاتدا نەهێشتەوە.ڕێژەی لەسێدارەدانەکان لەم چەنــد مانگانەی دوایی دەســەڵاتی ڕووحانیدا ئەوەنــدە زیادی کردووە کە لە زۆر بوارەوە، کوشتاری بە کۆمەڵی گیراوە سیاســییەکان لە ساڵەکانی ٦١ و ٦٧ی هەتــاوی وەبیر دێنێتەوە. ئەو کات، ڕێژیــم لە ترســی پەرەگرتنی قەیرانی سیاسی و ئابووریی نێوخۆیی کە بە هۆی زەختی دەرەوە ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی دەستاند، شەپۆلێکی بەربڵاوی گرتن و کوشــتنی وەڕێ خــست. لە ماوەیەکی کورتدا، بە سەدان گیراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە سێدارە دران و ســەرکوت و گرتن و بێسەروشوێن کردنــی خەڵك گەیشــتە ئاســتێکی مەترســیدارەوە. ئێســتاش ڕەوشــی سیاسیی ئێران تووشی ئاریشەی قووڵ بۆتەوە و نیشانەکان دەریدەخەن کە ڕێژیم لە گەڵ کۆمەڵــە لێگەرێك (چالش) بــەرەوڕوو بۆتەوە کە لە ناوخۆ و دەرەوە هەڕەشــە لە بوون و مەشــرووعیەتی دەکــەن. کوشــتن و لە ســێدارەدان، بەشــێکی جیانەکراوە لە کارنامەی پڕ لە جینایەتی کۆماری ئیسلامیە، بۆیە شەپۆلی نوێی ئێعدامەکان ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو، یا جیاوازتر لە باقی کردەوەکانی کۆماری ئیســلامی نیە. ئــەوەی جێگای داخ و مەترســیدارە، بێدەنگیی کۆمەڵــگای نێونەتەوەیی، بــە تایبەت زلهێزەکان و لە ســەرووی ئەوانیشەوە لایەنی وتووێژکەری پرسی ناوکی لە گەڵ ڕێژیم لە بەرامبەر ئەو زنجیرە ئێعدامانەدایە.

# مستەفا هیجری لەگەڵ ئەندامانی کۆنگرە و سێناتۆرەکانی ئامریکا کۆبووە

لە درێژەی سەردانەکەی بەڕێز مستەفا هیجری سـکرتێری گشـتیی حیزبی دێموکرات بۆ وڵاتی ئامریکا لە ڕێکەوتی ٢١ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی، لە گـەڵ ئەندام کۆنگرێـس «کووك» و سێناتۆر «مارکی» چاوپێکەوتنی پێك هێنا و گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵاتـی ناڤینی لـە ڕوانگەی حیزبەوە بۆ هەر دوولا شیکردەوە. هەروەها لە ڕێکەوتی ٢٥ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، مسـتەفا هیجری سکرتێری گشـتیی حیزبی دیموکرات لـە لایەن ئەنـدام کۆنگـرە «ڕەندی وێبێر» پێشـوازی لێ کرا. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سـمینارێك لە واشـینگتۆن وێڕای باسـێکی تێر و تەسەل لەبارەی دۆخـی هەنووکەیی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و شـیکارییەکی ورد لەسـەر خەباتی حیزبی دێموکرات، سەفەرەکەی خۆی بۆ وڵاتی ئامریکا سەرکەوتوانە وەسف کرد.

هەروەها لە ڕێکەوتی ٢٤ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی، مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لـە نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسی و هەروەها هاووڵاتییانی کوردی دەڤەری واشـینگتۆن لە سـمینارێکدا گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، ئێران و بەتایبەتی کوردستانی خستە بەر باس و لێکیدانەوە. هەروەها لە ڕێکەوتی ١٤ی جۆزەردانـی ١٣٩٤ی هەتاوی، مستەفا هیجری سـکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات سەردانی دوو ناوەندی «ئاتلانتیـك کانسـێڵ» و ناوەنـدی «هاینریـش بێڵ»ی کـرد و لەلایەن بەڕێوەبەرانی ئەو ناوەندانەوە پێشوازیی لێکراوە. مستەفا هیجری لەم دیدارانەدا باسـێکی سـەبارەت بـە بارودۆخی هەنووکەیی کوردستانی ئێران و مێژووی خەباتـی حیزبی دێموکـرات و گەلی کورد لە کوردسـتانی ئێران پێشکەش کردوە. هەروەها باسی لەوە کردووە، کە حیزبی دێموکرات دژی شـەڕە و دژی هەر چەشنە توندوتیژییەکە، بەڵام ئێمە تـەواوی ڕێگاکانمان بۆ چارەسـەری ئاشـتیانەی کێشەکانمان لە گەڵ ئێران تاقی کردووەتـەوە و لەو پێوەندییەشدا گەورەتریـن قوربانی و تێچوومان داوە. کاك مسـتەفا هیجری لەم دیدارانەدا باسـی لەوە کردووە کە تـا کاتێك کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا لە سـەر کار بـێ، ڕۆژهەڵاتی ناڤین ناتوانێت ئاسایش و ئارامش بە خۆیەوە ببینێت و شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بـەردەوام دەبێت. چونکـە بەرژەوەندی ڕێژیمـی ئێران لەوەدایـە کە گرژی و شەڕ لە نێوان شـیعە و سوونە پەرە پێبدا و ئـاژاوە لە ناوچەکەدا بنێتەوە. بۆیە بە باوەڕی ئێمە شـەڕی داعش لە عێراق زیاتر لە هەر شـتێك پێوەندی بـە ڕێژیمی ئێرانـەوە هەیە و تەواوی هەوڵەکانی ئامریـکا و هاوپەیمانانی لە دژی داعش بە هۆی دەستێوەردانی ئێران لە ناوچەکە بەرەوڕووی شکسـت دەبنـەوە. هەروەها لە مـەڕ وتووێژە ناوەکییەکانـی نێـوان ڕێژیمی ئێران و وڵاتانی ٥+١ باسـی لەوە کردووە کە، ڕێگرتن لە ئێران بۆ وەدەسـت خستنی چەکی ناوکی بە دڵنیایەوە کارێکی زۆر بەسوودە بۆ ناوچە، بەڵام ئێمە گومانی زۆر قووڵمان هەیە کـە ئەو ڕێکەوتنە بتوانێت بەو ئامانجەمـان بگەیەنێت.

هەروەهـا، هیجـری باسـی لەوەش کردووە کە گەیشـتن بە دێموکراسـی لە هەرشـوێنێك بە تایبەت لە وڵاتێکی وەکوو ئێران کە سەرکوت کردن و زەخت و زۆر بە هەموو شێوەکانی خۆیانەوە لە ئەوپەڕی هێزدان، پێویستی بە یارمەتی دنیای ئـازاد هەیە. لـە کۆتایی ئەم دیدارانـەدا، ئەندامانـی کۆنگـرەی ئامریکا پێداگرییان کردووە کە پێویستە بە گەلانی ئێـران یارمەتی بدرێت کە بتوانن بۆ داهاتووی خۆیان تێبکۆشن.



# لە ئامریکا دەفتەری نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە مستەفا هیجری پێشوازیی کرد

سـکرتێری گشـتیی حیزبـی دێموکراتی کوردسـتانی ئێـران، لە درێـژەی چاوپێکەوتنەکانیـدا لـە ئامریکا، لە دەفتـەری نوێنەرایەتیی حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان چاوپێکەوتنی کرد. مسـتەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ٢١ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتـاوی، سـەردانی دەفتـەری نوێنەرایەتیـی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئامریکای کرد و لەلایەن «بەیـان سـامی عەبدولڕەحمـان» نوێنەرایەتـی حکوومەتـی هەرێمی کوردسـتان لـە ئامریکا پێشـوازی لـێ کرا.لەم چاوپێکەوتنـەدا، لایەنە جیاوازەکانی سـەفەری سـکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسـیان لێوەکرا و لێك درانەوە. مسـتەفا هیجری وێڕای پیرۆزبایی لە «بەیان سامی عەبدولڕەحمان» بە بۆنەی هەڵبژاردنـی وەکوو نوێنەری حکوومەتـی هەرێمی کوردسـتان لە ئامریـکا ئاواتـی سـەرکەوتنی بۆ خواست.لە کۆتایی چاوپێکەوتنەکەدا، نوێنـەری حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لە ئامریکا، خۆشـحاڵی خۆی بۆ ئـەم چاوپێکەوتنە دەربڕی و هەروەها هیوای خواسـت مستەفا هیجری لـە درێژەی سـەفەری بۆ ئامریکا، سەرکەوتنی زیاتر بە دەست بێنێت.

# حیزبی دێموکرات و پ.ک.ک سێهەم دانیشتنی خۆیان لە قەندیل ئەنجام دا

ڕێکەوتی ٣٠ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی محەممەد نەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات سەردانی قەندیلی کرد و لە لایـەن شاندێکی پەکەکە بە سەرپەرەستیی جەمیل بایك، هاوسەرۆکی ئەو پارتەوە پێشوازی لێکرا. لەم چاوپێکەوتنەدا، کۆمەڵێك باسی سیاسی لە بـارەی دۆخی سیاسی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەگشتیی و نەتەوەی کورد بەتایبەتی خرانە بەرباس. بەشی سەرەکیی ئەم دانیشتنە دوولایەنەیە بۆ باسکردن لـە سـەر پرسـە پێوەندیدارەکان هـەردوولایـەن، ئاوڕدانـەوەیـەك لە دانیشتنەکانی پیشوو و تاوتوێ کـردن و دۆزینـەوەی ڕێکارێك بۆ دووپـات نەبوونـەوەی هەرچەشنە ئاڵۆزییەك بە لێکتێگەیشتنی تەواو بۆ چارەسەری بنەڕەتیی کێشەکان تەرخان کرابوو. محەممەد نەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە سەر شێوازی بەڕێوەچوونی ئەم دانیشتنە وتی: دانیشتنەکە لە کەش و هەوایەکی دۆستـانە و لێـك تێگەیشتنێکی تـەواو بەڕێوەچوو. سەرپەرەستیی شاندی حیزبی دێموکرات لە درێژەدا باسی لە گەشبینی هەردوولایەن لە سەر ئاکامی ئەم دانیشتنە و دانیشتنەکانی داهاتووی کرد. لەو دانیشتنەدا بڕیاری بەردەوامبوون لە دیالۆگ هەتا چارەسەری یەکجاریی هەموو کێشەکان درا.

# حیزبی دێموکرات تەقینەوەی تیرۆریستیی شاری ئامەدی مەحکووم کرد

ئێوارەی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٠١٥/٦/٥ی زایینی بەرانبەر بە ١٣٩٤/٣/١٥ی هەتاوی، واتـە دوو ڕۆژ پێش هەڵبژاردنەکانی تورکیە و ڕۆژێك بەر لە کۆتایی بانگەشەی هـەڵـبژاردن، دەستێکی نـاپـاك و دوژمـنـکارانە، دوو تەقینەوەی بە مـەودای زەمانیی ٥ خولەك لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی بەشدار لە متینگی چەند هـەزار کەسیی HDP لە گـۆڕەپـانـی ئێستاسیۆنی ئامەد ئەنجام دا کە بەداخەوە ٤ کوژراو و زیاتر لە ٤٠٠ بریندار لێ کەوتەوە. لەو پێوەندییەدا دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی توندی ئەو کردەوە تیرۆریستییە و بەداخ بوونی بۆ گیان لە دەستدانی قوربانییانی ئـەو کـردەوە تیرۆریستییە، ئاواتی چاك بوونەوەی هەرچی زووتری زام هەڵگرتووەکان دەخوازێ و ئەو کردەوە تیرۆریستییانە لەلایەن هەرکەس و لایەنێکەوە بێ، شـەرمـەزاری دەکا. هاوکات سەرەخۆشی لە بنەماڵەی گیان لەدەست داوەکان دەکا و خۆی بـە هـاوبـەشـی خـەمـیـان دەزانـێ. هـەروەها هـیـواداریـن کە ئـەم کردەوە تیرۆریستییانە شوێن لەسەر ئیرادەی لێبڕاوانەی خوشك و براکانمان لە باکووری کوردستان دانەنێ و پرۆسەی هەڵبژاردن لە ڕەوتی ئاسایی خۆیدا بەرەوپێش بەرن.

نـەمـان بـۆ تـیـرۆریـزم و تیرۆریستپەروەرەکان

سەرکەوتن بۆ ئازادی و ڕزگاریی گەلان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

٢٠١٥/٦/٦ی زایینی

١٣٩٤/٣/١٦ی هەتاوی

# چالاکێکی سیاسیی کورد سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کرد

ڕێکەوتی ٢٨ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هـەتـاوی، ئێحسان قـادر، چالاکی سیاسیی کوردی نیشتەجێی وڵاتی بریتانیا، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبـی دێـموکـراتـی کوردستانی ئێرانی کرد و لە لایـەن شاندێکی حیزب، بە سەرپەرەستیی «حەسەن شـەرەفـی» جێـگـری سکرتێری گـشـتـیـی حـیـزبـی دێموکراتەوە، پێشوازی لێکرا. لەم چاوپێکەوتنەدا، کۆمەڵێك پرسی سیاسی پێوەندیدار بە خەباتی مافخوازانەی هەر کام لە پارچەکانی کوردستان خرانە بەر باس و لێکدانەوە. ئێحسان قادر لە دانیشتن لە گەڵ شاندی دەفتەری سیاسیی حیزبدا، سپاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد کە لە ماوەی کار و تێکۆشانیدا لە بریتانیا، یارمەتیدەری بوون.

# سپاسنامەی حیزبی دیمۆکرات لە پشتیوانییەکانی خەڵکی کوردستان، لایەن و کەسایەتییەکان

هاونیشتمانییانی بەڕێز!

کۆمەڵانـی خەڵکی نیشـتمانپەروەری کوردستان!

هێرشـی گریلاکانی پارتـی کرێکارانی کوردسـتان P.K.K لە ڕێکەوتی ٣ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی بۆ سـەر تیمێك لە کادر و پێشـمەرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، شەپۆلێکی بەرینی لە مەحکوومکردنی ئەو هێرشـە ناڕەوایە و ناڕەزایەتـی دەربڕین بەرانبەر بە پێشـگرتن بە خەباتـی خەباتکارانی کـورد لە کوردسـتانی ئێـران بە دوای خویدا هێنا و پشـتیوانییەکی لێبڕاوانەی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لێ کەوتەوە. لـەو پێوەندیەدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردسـتان بوێرانە بەرانبەر بەم کـردەوە ناڕەوایـەی P.K.K دەنگیان هەڵبڕی و بـە پێوەندی گرتن لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هەستی نیشتمانپەروەری و خۆشەویستیی خۆیان بەرامبەر بە حیزبی دێموکرات لەوپەڕی دڵسـۆزیدا دەربڕی و ئامادەیـی خۆیان بۆ هەر هەنگاوێکی پێویسـت ڕاگەیاند. حیزب و ڕێکخراوە سیاسـییەکانی کوردسـتان بەگشتیی و حیـزب و ڕێکخـراوە سیاسـییەکانی کوردسـتانی خۆرهەڵات بە تایبەتی بە گرتنی هەڵوێستی شـیاو ئەو کردەوەی P.K.Kیان بە ناڕەوا زانی و زۆربەیشیان پشـتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران و هەر شـێوە کار و هاوکارییـەك دەربڕی. شـەڕی کورد بە دژی کوردیان مەحکووم کرد و سیاسەت و هەڵویستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێـران و هەوڵەکانـی ئـەم حیزبەیان بۆ پێداگری لە سـەر دیالۆگ و دانیشتن و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك کە بەرژەوەندیی هەموو لایەك دابین بکا، بە بەرپرسـانە و جێگای پەسند زانی. زۆربەی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و کەسـایەتییە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکان بە دەربڕینی ناڕەزایەتیی خۆیان و نـاڕەوا زانینی ئـەم کردەوەی P.K.K دەنگی خۆیان بۆ چارەسەریی کێشـەکە بـە جۆرێك کـە بەرژەوەندیی هەموو لایـەك دابین بکا، خسـتە پاڵ دەنگی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران. کادر و پێشمەرگە خەباتگێڕەکانی حیزبـی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران سـەرەڕای خۆبەدوور گرتن لە هەر کێشە و ئاڵۆزییەك کاتێـك کەوتنە بەر هێرش، بەو پـەڕی ئامادەیی و بە نیشـاندانی ئیـرادەی خۆڕاگـری و بەرخـۆدان، کەوتنە بەرگری و پاراسـتنی کەرامەتی حیزب، لەو پێوەندییەدا ئەوەی شـایانی پێشمەرگەیەکی دێموکرات بوو لە خۆیان نیشـان دا. کیژان و کوڕانی کەمپەکانی حیزب بەرگی پێشمەرگایەتییان پۆشی و ئەرکی پاراستن و وریابوونیان لە بەرامبەر هەر پیلانێکدا وەئەستۆ گرت. ئەندامانی حیزب چ لە کوردسـتانی خۆرهەڵات و چ لە لە باشـووری کوردستان پێوەندییان بە بنکەکانی حیزبەوە کـرد و ئامادەیی ئەنجامدانـی هـەر ئەرکێك بـوون کە حیزبەکەیـان بۆیـان دەستنیشـان بکا و بـە کردەوە ئـەم بەڵێنەیـان بەوپەڕی دڵسـۆزییەوە بردە سەر. ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی وڵات ئەوپەڕی پەرۆشـیی خۆیان نیشـان دا و تەنانەت بەشـێکیان خوازیـاری گەڕانەوە بۆ کوردسـتان و جێگرتـن لە ڕیزی پێشـمەرگەدا بوون. بنەماڵـەی بەڕیزی شـەهیدان کە بەو کردەوەی P.K.K جارێکی دیکە زامی شەهیدبوونی ڕۆڵەکانیان لێ‌نوێ بووەوە، کەوتنە پشتگیری حیزبی شەهیدەکانیان. هەیئەتـی دیاریکـراوی حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بۆ چارەسـەریی ئەو مەسـەلەیە بە پەرۆشـێکی تەواوە هەوڵی دانیشتنی سـێ‌قۆڵیی دا کە لە هێورکردنەوەی ئەم وەزعەدا شـوێندانەر بوو. یەکیەتیی پارلمانتارانی کوردسـتان بەوپەڕی دڵسـۆزییەوە لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و pkk لە پێوەندیدا بوون، هەتا ئاڵۆزییەکە لەوە زیاتر تەشەنە نەکا. کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ و چەند حیزب و ڕێکخراوی غەیرە کـوردی ئێرانی لە ڕێـگای ڕاگەیاندن و بەیاننامـەوە ئەو کـردەوەی pkkیان مەحکووم کرد و هاوسـۆزییان لە گەڵ حیزبی دێموکرات دەربڕی. زۆر حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتی لەو چەند ڕۆژەدا بـە ئامادەبوون لە دەفتەری سیاسـی و یان دەفتـەری نوێنەرایەتییەکانی حیزب هاوسـۆزیی خۆیـان لەگـەڵ حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێـران دەربڕی و کۆمەڵێـك نووسـەر و ڕووناکبیـر بە نووسینی بابەت و لێکدانەوەی مەسەلەکە ناڕەوابوونی هەڵویستی pkkیان دەرخست. ئەمانە هەمووی بـۆ حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران جێگای شـانازی و پێزانینە و لە ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان و بیروڕای گشـتیدا شـوێندانەر بوون. دەفتەری سیاسـیی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران لە هەلومەرجێکدا کە هەتا ئێسـتاش هەوڵەکانی بۆ دانیشـتن و دیالۆگ و چارەسـەرییەکی وەها کە بەرژەوەندیـی هەموو لایـەك دابین بکا، بێ ئاکام ماوەتەوە، بەڵام خۆشـحاڵە کە ئاڵۆزییەکە هەتا ڕادەیـەك هێور بۆتەوە و چاوەڕوانییەکانیش لەو هەڵوێستگرتن و پشـتیوانی‌کردنە هەروا لـە جێگای خۆیەتی، بە پێویستی دەزانین لە ڕێگای ئەم سپاسنامەوە، سپاسـی هەموولایەك بکەیـن و هەڵوێسـت و ناڕەزایەتـی دەربڕینەکانیـان بە چاوی ڕێزەوە سـەیر دەکا و پێیان پشـت ئەسـتورە. سپاس و ڕێزی پێشکەشـی هەر حیزب و لایەنێك و هـەر کەس و کەسـایەتێك دەکا کە بە تەنگ ئەو کێشەوە بوون و چاوەڕوانە ئەو هەوڵ و پشتگیرییانە هەوێنی بەردەوامی دیالۆگ و دۆزینەوەی ڕێگاچارەسەرێك بێ کە دەسـتەبەری بەرژەوەندیی هەموو لایەك بێ. سـپاس بۆ هەمـوو لایەك، دەستی برایەتیتان دەگووشین و هەڵوێست و ناڕەزایەتی دەربڕین و پشـتیوانیتان لە حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران بە هەڵوێسـتێکی نیشتمانی سەیر دەکەین و ئاواتی ئـەوە دەخوازین کە چەکی کورد هەرگیـز بـەرەوڕووی کـورد نەبێتەوە و یەکدەنگی، دڵسـۆزی و هاوکاریی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، هەوێنی دابینبوونـی مافی نەتەوایەتی و ماف و ئازادییەکانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردسـتان بێ. ڕۆحی شـەهید قادر کەریمی شاد و ئارەزووی ساڕێژبوونەوەی هەرچـی زووتـری زامی برینـدارەکان دەکەین.جارێکی دیکە سـپاس و ڕێزمان بۆ هەموو لایەك و تەبایی و سەرکەتن بۆ کورد بە ئاوات دەخوازین

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

١٦ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی

٦ی ژووەنی ٢١٠٥ی زایینی

# ڕوونکردنەوەی سکرتاریای حیزبی دێموکرات

هەموو لایەك بە تایبەت ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئـاگادار دەکەینەوە کە کەناڵ ئانلاینی «ڕۆژی کورد» کـە چەند ڕۆژێکە دەسـتی بە وەشـان کردووە، پێوەندی بە حیزبـی دێموکراتی کوردسـتانی ئێرانەوە نییـە. بۆیە حیزبی دێموکرات لە بەرامبەر بـاس و بابەتەکانیدا هیچ بەرپرساریەتییەکی نییە.

بە سپاسەوە

سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٦ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی

## شاندێکی PKK سەردانی دەفتەری سیاسیی کرد

ڕێکەوتی ٢٣ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، شاندێکی پارتی کرێکارانی کوردستان بە سەرپەرەستی دەمهات عەگید بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی پەکەکە، سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لە لایەن شاندێکی حیزبی دێموکراتەوە بە سەرپەرەستیی محەممەد نەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسیی ئەو حیزبە پێشوازییان لێ کرا. ئەم کۆبوونەوەیە لەحاڵێکدا بەڕێوەچووە کە پە کە کە ئامادە نەبوو لەم کۆبوونەوەیەدا، لایەنی سێهەم واتە شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری بکات. محەمەدئەمین پێنجوێنی، کەسایەتیی سیاسیی نزیك لە پەکەکە پاش کۆتایی هاتنی ئەو کۆبوونەوەیە بە میدیاکانی ڕاگەیاند: «کۆبوونەوەکە لە کەش و هەوایەکی دۆستانە وبرایانە و کوردانە بەڕێوەچوو. گرینگ ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات و کەجەکە پێکەوە دانیشتوون و بە ڕووبەڕوو باسی ئەو کێشە و گرفتانەیان کرد کە لە نێوانیاندا هەبوو و گەییشتنە ئەنجامێکی پۆزەتیف. هەروەها محەممەد نەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و سەرپەرەستیی شاندی حیزب لەو کۆبوونەوەیە پاش کۆتایی هاتنی دووهەم کۆبوونەوەی نێوان حیزبی دێموکرات و پەکەکە لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەوانان پێداگری کردەوە کە لێدوانەکانی محەمەدئەمین پێنجوێنی، لێدوانی ئێمەشن.قادری لە درێژەدا ئاماژەی بە بەشێك لە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە دا و وتی: «ئێمە لە سەر لایەنی سیاسی و لایەنی پراکتیکی پێکەوە قسەمان کردووە.

## نوێنەری حێزبی دێموکرات سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئوتریشی کرد

ڕێکەوتی ٢١ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی، هیوا بەهرامی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئۆتریش، سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئۆتریشی کرد و لە گەڵ کاربەدەستانی ئەو وەزارەتخانەیە چاوپێکەوتنی پێك هێنا. لەم دیدارەدا، چەندین پرسی پێوەندییدار بە کوردستانی ئێران و ناوچەکە تاوتوێ کران. نوێنەری حیزب وێڕای باسێکی گشتیی لە بارەی بارودۆخی سیاسیی ئێران، بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستانی شیکردەوە و ئاماژەی بە هەرچی زیاتربوونی گوشار و توندوتیژی ڕێژیم و پەرەپێدان بە سیاسەتی سەرکوتی خەڵکی کوردستان دا. لەو سەردانەدا چەندین پرسی دیکە وەك، سیاسەتە ناوچەییەکانی ڕێژیم و هەوڵدانی ڕێژیم بو هەرچی قەیراناوی کردنی ناوچەکە، دانوستانەکانی ڕێژیم لە گەڵ وڵاتانی ١+٥ و چەند بابەتی دیکە باسیان لێوەکرا.

## هەولێر لەسێدارەدانی مەنسوور ئاروەند لە مەحکووم دەکرێت

ڕیکەوتی ٢٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، فێدراسیۆنی زیندانیانی سیاسیی کوردستان بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتی لە هەمبەر لەسێدارەدانی مەنسوور ئاروەند زیندانی سیاسیی کوردی خەڵکی مەهاباد، کۆبوونەوەیەکی ڕێك خست. لە سەرەتای ئەم کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەدا، سیروان ئاروەند، برای شەهید مەنسوور ئاروەند لە ڕێگەی تەلەفوونەوە پەیامێکی پێشکەش کرد. پاشان بەشداربوان بە چەند ساتێك بێدەنگی و ڕاوەستان ڕێزیان لە گیانی پاکی شەهید مەنسوور ئاروەند و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان گرت. پاشان پەیامی بەشداربوانی کۆبوونەوەکە لە لایەن فواد زیندانی، بەرپرسی فێدراسیۆنی زیندانیانی سیاسیی کوردستانەوە پێشکەش کرا. پاشان پەیامی لویس ئایالا، سکرتێری ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆناڵی سوسیالیست خوێندرایەوە.لەم کۆبوونەوەیەدا بەشێك لە حیزب و لایەن سیاسییەکان بەشدار بوون و بەو بۆنەیەوە پەیامی خۆیانیان پێشکەش کرد.

## شاندێکی حیزبی دێموکرات
## سەردانی مەڵبەندی ١٤ی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانی کرد

ڕێکەوتی ١٦ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی محەممەدنەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات سەردانی مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانی کرد و لە لایەن شاندێکی ئەو مەڵبەندەوە بە سەرپەرەستیی «ڕەهبەر سەید برایم» ئەندامی سەرکردایەتی یەکیەتیی نیشتمانی و بەرپرسی مەڵبەند، پێشوازی لێکرا. لەم چاوپێکەوتنەدا، محەممەدنەزیف قادری وێڕای پیرۆزبایی بە مەبەستی یادی ٤٠ ساڵەی دامەزراندنی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان هیوای سەربەرزی و سەرکەوتنی بۆ بە ئاوات خواستن و پێوەندی لە مێژینەی حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا بەرز نرخاند. لە لایەکی دیکەوە «ڕەهبەر سەیدبرایم» لە لایەن سەرکردایەتی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانەوە سوپاس و پێزانینی خۆی پێشکەشی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد.

## خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە هێزی پێشمەرگەی دێموکرات پێشوازی دەکەن

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبوارانی ڕێگای شەهیدان و ئەویندارانی ڕێبازی قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی، پێشوازی لە هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات دەکەن.ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە مەبەستی پێشوازی لە هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و دەربڕینی پشتیوانیی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە حیزبی دێموکرات، لە سنووری دالانپەڕ بە نووسینی دروشم چالاکی تەبلیغییان بەڕێوەبردووە. ڕێبوارانی ڕێبازی دێموکرات لە سەر بەردەکانی ناوچەی دالانپەڕ بە نووسینی دروشمی «سڵاو لە کوردستان» و «سڵاو لە قاسملوو» پێشوازییان لە هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات کردووە و بەم شێوەیە پشتیوانیی خۆیان و خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیان لە حیزبی دێموکرات و گەڕانەوەی هێزەکانی ئەو حیزبە بۆ ناوخۆی کوردستانی ئێران دەربڕیوە. هەروەها ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سیلوانا و بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە چالاکی تەبلیغاتی پشتیوانی و پاڵپشتی خۆیان لە حیزبی دێموکرات لە سەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵات دەربڕیبوو.

## ڕێژیمی ئێران دەوروبەری پادگانەکانی کوردستان مینڕێژ دەکات

پاش چوونی هێزی پیشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ چیاکانی کێلەشین و قەندیل و نیشتەجێبوونی پیشمەرگە لە سنوورەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ڕێژیمی ئێران لە هەوڵێکی نوێدا، دوروبەری پادگانەکان مینڕێژ دەکات. بە پێی ڕاپۆرتێك لە شاری مەهاباد، دەوروبەری پادگانی ئەو شارە لە لایەن ناوەندە پێوەندیدارەکانی نیزامی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە مین ڕێژ دەکرێت. سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو پرسە ڕایگەیاند کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نیشتەجێبوونی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە سنوورەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات ترسێکی زۆری لێ نیشتووە، هەر بۆیە ڕێژیمی ئێران لە هەوڵێکی نوێدا سەرقاڵی مینڕێژ کردنی دەوروبەری پادگانی مەهابادە. ئەو سەرچاوەیە لە درێژەدا ئاماژەی بەوەداوە کە تاکوو ئێستا بەشێکی زۆر لە دەوروبەری پادگانی مەهاباد مینڕێژ کراوە و بە سەرنجدان بەوەی کە پادگانی مەهاباد لە ناو ئەو شارە هەڵکەوتووە، هاتوچۆی خەڵك بۆ زۆر شوێن قەدەغە کراوە. هەروەها ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران پاش نیشتەجێبوونی هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە سنوورەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، کۆمەڵێك هەوڵی جۆراوجۆر وەکوو دانانی پاسگای نوێ، نۆژەنکردنەوەی پاسگا کۆن و چۆڵکراوەکان و بەڕێکردنی بەکرێگیراوان بە جلوبەرگی پێشمەرگەوە بۆ ناو خەڵکی لە ناوچەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی گرتووەتە پێش و بەو شێوەیە دەیهەوێت وێڕای میلیتاریزەکردنی کوردستان، خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی حیزبی دێموکرات ئامادە بکات.

## نوێنەری حیزب سەردانی دەفتەری
## دوو سێناتۆر و ئەندام کۆنگرەی ئامریکای کرد

ڕێکەوتی ١٨ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی، ئارەش ساڵح نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئامریکا سەردانی دەفتەری ئەندام کۆنگرە «مارك مەدۆ» و سێناتۆر «ران جانسۆن»ی کرد.لەو چاوپێکەوتنانەدا، ئارەش ساڵح باسی لە سەردانی سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئامریکا کرد و ئاماژەی بە چالاکییە دیپلۆماتیکەکانی حیزب لە ئامریکا کرد. نوێنەری حیزب ئامانجی ئەم خولە لە چالاکییەکانی سکرتێری حیزبی دێموکراتی لە دەرەوەی وڵات یەکەم، گەیاندنی دەنگی کپ کراوی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە دنیا و هەروەها باس کردن لە نیگەرانییە هاوبەشەکان و ئاراستە کردنی ڕێگەچارە بۆ ئەو نیگەرانییانە پێناسە کرد. ئارەش ساڵح لەو چاوپێکەوتنانەدا ڕایگەیاندووە: پاڵنەری سەرەکی سکرتێری حیزب لە دەسپێکردنی ئەم چالاکییە دیپلۆماتیکە ئەوەیە کە لە وەها هەلومەرجێکی هەستیاردا کە هاوکاتیش دەنگی هاووڵاتییان لە ناوخۆ بە دڕندانەترین شێوە کپ دەکرێت کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و ئۆپۆزیسیۆنی دێموکرات زیاتر لە هەر کات پێویستیان بە هاوکاریە. نوێنەری حیزب هەروەها پێداگری کردووەتەوە کە ئەم سەردانە پێویستە لەلایەن ئەو بەشە لە ئامریکاییەکانەوە زیاتر وەك هەڵێکی گرینگ چاو لێ بکرێت کە خەمی سبەینێی دوای تەواو بوونی باسی ڕێکەوتنە ناوەکیەکە دەخۆن. لەبەر ئەوەی چ ڕێککەوتن لە ئارا دا هەبێت چ نەبێت ئەوا کاتێك کە ئەم باسە بە کۆتاییەکانی نزیك دەبێتەوە ئێران لە دەستێوەردانی لە ناوچەکە، لە سەرکوت کردنی خەڵکی خۆی و لە نواندنی دڕندەیی بەرامبەر بە خەڵکی خۆی و دنیا بەهێزترە. بۆیە بەشێکی زۆر گرینگی ئەم سەردانانەی مستەفا هیجری بۆ پێك هێنانی بوارێکی تایبەتە بۆ ئەوەی کە هەموومان دوای کۆتایی هاتنی ئەو باسانە بتوانین پێکەوە نیگەرانیە هاوبەشەکانمان چارە بکەین. ئارش ساڵح هەروەها ئاماژەی بەوەداوە: مستەفا هیجری لەو سەردانانەدا دەیەوێت تیشك بخاتە سەر سەرهەڵدانەکانی ئەم دووایانەی کوردستانی ئێران و هەروەها باس لە ئامادەیی گەلی کورد دەکات بۆ گواستنەوەی هەر هەلێك بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی و سەرهڵدان لە دژی ڕێژیمی ئیسلامی دا. ناوبراو رایگەیاندووە: کە سکرتێری حیزب لە ئامریکا وێڕای باس لە مێژووی خەباتی گەلی کورد لە دژی هەر چەشنە زۆردارییەك ئاشکرای دەکات کە گەلی ئێمە دیسانەوە سەرەڕای ئەو هەموو سەرکوتانە خەریکە هەڵدەستێتەوە سەر پێ.نوێنەری حیزب لەو دوو کۆبوونەوەیەدا رایگەیاندووە کە حیزبی دێموکرات لە بووژانەوەی خەباتی گەلەکەمان ڕۆڵی بنەڕەتی دەگێڕێت و هاتنی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات ئەوە دەردەخات کە ئەگەرچی گەورەترین هەوڵەکان بۆ رووخاندنی ئەو ڕێژیمە لەلایەن گەلی کوردەوە دەدرێت بەڵام بۆ ئەوە کە ئەو هەوڵانە بگەن بە ئامانج ئەوا پێویستیان بە یارمەتی دەرەکی هەیە.

## نوێنەری حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی
## حیزبی سووسیالیستی فەرانسە بەشداریی کرد

لە سەر بانگهێشتی فەرمیی حیزبی سوسیالیستی فەرانسە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوکتور ئومید ساعدی بە نوێنەرایەتی لە دەفتەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی حیزبی دێموکرات، لە ٧٧ـەمین کۆنگرەی حیزبی سووسیالیستی فەرانسە، کە لە ماوەی ڕۆژانی ١٥ هەتا ١٧ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی، لە شاری پواتیە بەڕیوەچوو، بەشداریی کرد. لە بەشێکی بەرنامەی کاریی ئەم کۆنگرەدا، پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی فەرانسە و هەروەها سیاسەتەکانی حیزبی سوسیالیست لە پێشخستنی بەرنامەکانیدا خرایە بەر باس و لێکدانەوە.بەشێکی دیکە لە بەرنامەی کاری کۆنگرەکە بە تاوتووێ کردنی کێشە نێونەتەوەییەکان و ڕۆڵی فەرانسە لەم بوارانەدا، وەك بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەتایبەتی جینایەتەکانی داعش لە سووریە، عێراق، کوردستان و بابەتە پێوەندییدارەکان تەرخان کرابوو. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، بەشی سەرەکی بابەتەکانی کۆنگرە بە بەرنامە و سیاسەتەکانی هەڵبژاردنی ناوەندەکانی ڕێبەری ئەم حیزبە تەرخان کرابوو و لەم بەشەدا «ژان کریستوف کامبادلیس» بۆ جارێکی دیکە وەکوو سکرتێری گشتیی حیزبی سووسیالیستی فەرانسە هەڵبژێردرا. لە ٧٧ـەمین کۆنگرەی حیزبی سووسیالیستی فەرانسە جگە لە ئەندامانی ڕێبەری، بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی و نوێنەرانی فێدراسیۆنەکانی حیزبی سوسیالیست لە سەرتاسەری فەرانسە، ڕێژەیەکی بەرچاو لە شاندە نوێنەرایەتییە حیزبییەکان و ڕێکخراوە دەرەکییەکان لە سەرتاسەری جیهاندا بەشداریان کرد. دوکتور ئومید ساعدی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لابەلای بەرنامە کارییەکانی کۆنگرەدا لە گەڵ ژمارەیەك لە نوێنەرانی ڕێکخراوە دەرەکییەکان و کەسایەتییەکانی بەشداربوو لەو کۆنگرەیەدا چاوپێکەوتنی پێك هێنا و لە پێوەندی لە گەڵ پرسە ناوچەییەکان و بەتایبەت بارودۆخی ئێران و کوردستانی ئێران بیروڕای گۆڕایەوە.

## پەیامی سەرەخۆشیی یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران
## بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا ئەحمەد قازی

مامۆستایانی مافویست
بنەماڵەی فەرهەنگی قازی

بەداخەوە بەرە بەیانی ١٧ی جوزەردان کاك ئەحمەدی قازی مامۆستای قوتابخانەکانی مەهاباد و بۆکان، نووسەر و کەسایەتیی نیشتیمانپەروەر لە یەکیك لە نەخۆشخانەکانی تاران کۆچی دوایی کرد.کاك ئەحمەدی قازی ساڵانێکی زۆر وەك مامۆستا و مودیری قوتابخانە لە شارەکانی ئورمیە، مەهاباد و بۆکان خزمەتی پێگەیاندنی قوتابییانی کوردی کردووە. کاك ئەحمەد قازی لە پەنای وانە وتنەوە خزمەتی بە زمان و وێژەی کوردی کردووە و لە گەڵ مامۆستا هێمن، گۆڤاری سروەیان دامەزراند و بە سەدان نووسەر و شاعێر و رووناکبیریان لە کوردستان پێگەیاند. هەر بۆیە لەدەستدانی ئەو رووناکبیرە بە توانایە، کەلێنێکی گەورەی لە خزمەت بە ئەدەبیاتی کوردی بەجێ دەهێڵێت و خەسارەتێکی گەورە بۆ نەتەوەی کورد.

یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران، پرسە و سەرەخۆشیی ئاراستەی بنەماڵەی گەورەی کاك ئەجمەد قازی و سەرجەم خزم و کەسوکاری دەکات.

## نوێنەری حیزبی دێموکرات سەردانی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی
## حیزبی سووسیال دێموکراتی سویدی کرد

ڕێکەوتی ٢٠ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی، نوێنەری حیزبی دێموکرات لە وڵاتی سوید لە گەڵ مۆرتن لویفێری چاوپێکەوتنی کرد. لەم دیدارە دا هەلومەرجی کوردستان بە گشتیی و ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناڤین خرایە بەر باس و لێکدانەوە. هەلومەرجی حیزبی دێموکرات و ناردنی هێز بۆ سنوورەکانی کوردستانی ئێران، ئێعدامەکان لە ئێراندا، ناردنی هێز لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بۆ سووریە و پشتگیریی هەمەلایەنی لە ڕێژیمی سووریە، هەڵبژاردنی تورکیە و سەرکەوتنی HDP ، دۆخ و دۆزی نەتەوەکانی دیکەی ئێران، کێشەی ناوکیی ئێران و ناڕوونیی چۆنیەتی پێکهاتنی ئامریکا و ڕۆژئاوا لە گەڵ ڕێژیمی ئێران ئەو بابەتانە بوون کە لەو سەردانە دا باسیان لیکرا.

## لە مەهاباد ئەندامێکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢١ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی، ڕەشید مامقادری ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە لە نەخۆشخانەی مەهاباد ماڵاوایی لە ژیان کرد. ڕەشید مامقادری لە بنەماڵەیەکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری خەڵکی گوندی گردی یەعقوبی شاروێران و دانیشتووی شاری مەهاباد بوو. ناوبراو چەندین جار لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی مەهابادەوە دەستبەسەر و زیندانی کراوە بەڵام هەر کۆڵی نەداوە و چالاکتر لە جاران کار و ئەرکی حیزبی جێبەجێ کردووە.لە بنەماڵەی ڕەشید مامقادری چەندین کەس بە تۆمەتی ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە زیندانی درێژ خایەن مەحکووم کراون. تەرمی ناوبراو لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکە، دۆستان و ئاشنایان و خزم و کەس و کاری، لە مەهاباد بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری ڕەشید مامقادری، خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## بەرەو ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات

# دێموکرات، حیزبێک کە شانازییەکانی دابەش دەکات و شکستەکانی نا

سەلام ئیسماعیلپوور

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی حەفتا ساڵ تەمەنیدا کە بۆتە هۆی مانەوە و بەردەوامیی لە سەر ڕێگای خەبات، ئەوەیە کە لە سەر بنەمایەکی پۆڵایین دامەزراوە کە ئەویش ڕاستبێژی لەگەڵ خەڵك و ئامادەیی بۆ هەر جۆرە فیداکاری و خۆبەختکردنێك لە پێناوی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کورددا بووە. حیزبی دێموکرات لە ماوەی ئەو حەفتا ساڵەدا بەردەوام لەگەڵ دڕندەترین و فێڵبازترین دوژمنی کورد واتە ڕێژیمەکانی زاڵ بە سەر ئێراندا بەرەوڕوو بووە. سەرەڕای ئەوەش، پاش حەفتا ساڵ، ئێستا کە ئاوڕێك لە مێژووی ئەم حیزبە دەدەینەوە، دەبینین کە ئەگەرچی نسکۆ و کارەسات و لادان و دابڕان لەگەڵ هەموو سەرکەوتنەکان و شانازییەکانی ئەم حیزبە تێکەڵ بووە، بەڵام ڕێچکەیەکی زێڕین خاڵی دەسپێکی تەمەنی ئەم حیزبە بە ئێستایەوە گرێ دەدات و هەمیشە چرایەکی ڕێنوێن هەبووە کە ئەم حیزبەی لە سەر ڕاستەڕێگەیەکی ڕووناك ڕاگرتووە و لە بەرانبەر ئەو هەموو زەخت و گوشار و لادان و کارەساتەدا پاراستوویە و تەمومژ و هەڵدێر و دێوەزمەکانی سەر ئەو ڕێگایە ئەژنۆی ڕێبوارانی ڕێبازی دێموکراتی شل نەکردووە.

حیزبی دێموکرات نموونە و سەرچەشنی حیزبێکی دەروەست و بەرپرسیارە کە سەرکەوتنەکانی، جێگای شانازیی هەموو کوردێك و تەنانەت هەموو ئازادیخوازێکە و هەموانی لە سەرکەوتنەکانی خۆیدا بەشدار کردووە.

کۆماری کوردستان کە دادەمەزرێت، حیزبی دێموکرات تاقەحیزبی نێو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستانە، بەڵام نەك هەر خۆی بە تاقە خاوەنی ئەو سەروەرییە نازانێ، بەڵکوو بانگهێشتی تێکۆشەرانی هەموو پارچەکانی کوردستان دەکات کە لەو سەرکەوتنەدا بەشدار بن. لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانیش کە حیزبی دێموکرات بە خوێن و قوربانیدانی هێزی پێشمەرگی خۆی بەشێك لە خاکی کوردستانی لە ژێر دەستی دوژمن دەرهێناوە، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا دەرەتانی ئازادیی سیاسیی هەموو ڕێکخراوە ئازادیخوازەکانی کوردستان و ئێرانی دابین کردووە و تەنانەت لە نێو سنووری دەسەڵاتی حیزبی دێموکراتدا و هێندێك جار لە سەر تێچووی خودی حیزبیش، ڕۆژنامە و تریبۆنی نەیاری ئەو حیزبە مەجالی خۆدەرخستینان پێ دەدرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ ئاماژە بە خاڵێکی زۆر گرینگ لە تەمەنی ئەم حیزبەدا بکەین، ئەویش ئەوەیە کە نسکۆ و کارەسات و کەوتنەکانی هەرگیز تێکەڵ بە خەیانەت و نیشتمانفرۆشی نەبووە، واتە حیزبی دێموکرات بۆ پێشگرتن بەو شکست و کارەساتانەی کە بە سەریدا هاتوون، هەرگیز ئامادە نەبووە دەست بۆ داگیرکەر درێژ بکاتەوە، یان بە قوربانیکردنی خەڵکی دیکە و حیزب و لایەنەکانی دیکە، لە قورسایی شکستی خۆی کەم بکاتەوە. بۆ نموونە، یەکێك لەو مەرجانەی کە دەوڵەتی ئێران لە کاتی دانوستان لەگەڵ پێشەوا قازی محەممەد بۆی دادەنێت، ئەوەیە کە واز لە پاڵپشتیی بارزانییەکان و خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی بێنن و مەسەلەکە وەکوو پرسێکی نێوخۆیی ئێران لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیدا تاوتوێ بکەن، بەڵام پێشەوا ئەو مەرجە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ بارزانییەکان لێرە بێگانە نین، کوردستانماڵی خۆیانە و من ناتوانم لێرە دەریان بکەم. لە کاتی مسۆگەر بوونی ڕووخانی کۆماریشدا پێشەوا بۆ ئەوەی خەڵکی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار نەکەونە بەر ئاگری ڕق و تۆڵەی ڕێژیم، مەسیح ئاسا خۆی دەکاتە قوربانی و بەرەوپیری سێدارە دەچێ و داوا لە بارزانییەکانیش دەکات مەهاباد بە جێ بێڵن و خۆیان دەرباز بکەن، یانی پێشەوا کە لە دامەزرانی کۆمار و سەرکەوتنە مێژووییەکەی خۆی و حیزبی دێموکراتدا هەموو خەڵکی چوار پارچەی کوردستانی بۆ بەشداربوون لەو سەرکەوتنەدا بانگهێشت کردبوو، لە کاتی شکستدا بەرپرسیارێتیی هەموو شتێك دەخاتە ئەستۆی خۆی و حیزبی دێموکرات و نرخی ئەو کارەی بە گیانی خۆی و پۆلێك لە تێکۆشەران و بەرپرسانی حیزبی دێموکرات دەداتەوە تاکوو هەستی تۆڵەکردنەوەی دوژمن، بە لەنێوچوونی خۆی دابمرکێنێت و خەڵکی دیکە نەکەونە بەر شەپۆلی تۆڵەی ڕێژیمی شاهەنشاهی. لە ماوەی شەڕی بەرگریی پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانیشدا حیزبی دێموکرات توانای ئەوەی هەیە کە لە هەموو شارەکاندا شەڕی کۆڵان بە کۆڵان بکات و لانیکەم چەند ساڵێکی دیکە گرتنەوەی کوردستان لە لایەن ڕێژیمەوە دوا بخات، بەڵام دەزانێ کە ئەم کارە دەبێتە هۆی کاولبوونی شارەکان و ڕژانی خوێنی خەڵکی مەدەنی و بێدیفاع، هەر بۆیە لە پاش شەڕی سنە ئامادە نابێ لە هەموو شارەکاندا ئەو ئەزموونە دووبارە بکاتەوە و هێزەکانی پێشمەرگە لە شارەکان دەکشێنەوە تا لە دەرەوەی شارەکان شەڕی بەرگریکارانەی خۆیان درێژە پێ بدەن بە بێ ئەوەی کە ژیانی ئاسایی لە خەڵکی شارەکان تێك بدەن. ئەگەر چاوێك لە شەڕەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکەین، دەبینین کە دروستکردنی قەڵغانی مرۆیی لە خەڵکی مەدەنی و دانانی بنکەی سەربازی لە نێو شوێنە گشتییەکاندا یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شەڕەکانی ئێستایە کە ئاماری قوربانییەکانی شەڕی بەرز کردۆتەوە. واتە هێزە سەربازی و میلیشیاییەکانی ئەم سەردەمە بۆ ئەوەی کە لە لایەکەوە بتوانن زیاتر خۆڕاگری بکەن و لە لایەکی دیکەوە بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی و سیاسیی زیاتر بخەنە سەر شانی دوژمن، هەوڵ دەدەن هەرچی زیاتر خەڵکی مەدەنی و ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەی نێو شارەکان بکەنە قوربانی و وەك گۆشتی بەردەم تۆپی دوژمن کەڵکیان لێ وەربگرن. ئەوە جیاوازیی ئەخلاقی سیاسیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەم جۆرە لایەنانە دەردەخات و یەکێك لە نهێنییەکانی خۆشەویستیی هەمیشەیی حیزبی دێموکراتە.

ئەو تایبەتمەندییەی حیزبی دێموکرات، واتە بەشدارکردنی خەڵك لە سەرکەوتنەکان و بێبەریکردنیان لە شکستەکانیدا وای لێ کردووە کە هەرگیز ئامادە نەبێت بۆ سەرکەوتنی زیاتر یان کەمکردنەوەی قورسایی شکست، پەنا بۆ خەیانەت ببات.

هەر ئەم خەسڵەتەیە کە ئاستی خۆشەویستیی ئەو حیزبەی گەیاندۆتە جێگایەك کە سیمبۆلەکان و هێماکانی ببنە سیمبۆل و هێمای نەتەوەیی و خەرمانەیەك لە پیرۆزی، مێژووی ئەم حیزبە و شەهیدان و ڕێبەرانی مەزنی بتەنێتەوە و هەر لایەنێك کە بیهەوێ قورساییەك بە پێگەی نەتەوایەتیی خۆی بدات، بەشێك لە مێژوو و سیمبۆلەکان و بەهاکانی حیزبی دێموکرات وەربگرێت کە لە ڕاستیدا بوونەتە مڵکی نەتەوە و لە چوارچێوەی خاوەنداریێتیی تەنیا حیزبێکی سیاسیدا نەماون.

حیزبی دێموکرات ڕەنگە تاقە حیزبی کوردی بێت کە چەندین جار تووشی دابڕان لە ڕیزەکانی خۆیدا هاتووە، بەڵام ئەو کەسانەی کە لە حیزب جیا بوونەتەوە، هەرگیز نەیانوێراوە یان بە هەر هۆکارێك نەیانویستووە بە تەواوی لە ناو و مێژوو و سەروەرییەکانی حیزب دابڕێن و مێژوویەکی نوێ و ڕێبازێکی جیاواز بۆ خۆیان بنووسنەوە. ئەوەش بێگومان ئاماژەیەك بۆ گەورەیی و سەروەرییەکانی ئەم حیزبەیە کە دابڕانی یەکجاری لێیان تەنانەت بۆ نەیارەکانیشی ئەستەم دەکات.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، دەبینین کە یەکەمجار پاش ڕووخانی کۆمار کە شیرازەی حیزبی دێموکرات بە تەواوی تێك چووە، حیزبی توودەی ئێران وەکوو بەهێزترین حیزبی کۆمۆنیستیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەست بە سەر ڕێکخراوەکانی حیزبدا دەگرێ و بە پێکهێنانی کومیتەی ئازەربایجان و کوردستان (کاك) لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات دەکاتە لقی کوردستانی خۆی، بەڵام پێگەی بەهێز و ئیعتباری مێژوویی حیزبی دێموکرات دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناو و کەسایەتیی سەربەخۆی حیزبی دێموکرات تەنانەت لە ژێر چەتری هێژموونیی تەشکیلاتیی حیزبی توودەشدا وەك خۆی بمێنێتەوە و تا کاتێك کە لە ژێر تیشکی ئامۆژگارییەکانی دوکتور قاسملووی نەمردا حیزبی دێموکرات بە تەواوی لە چوارچێوەی تەشکیلاتیی توودە دێتە دەرەوە و دەبێتەوە بە حیزبێکی سەربەخۆ، توودە لە کوردستاندا نەتوانێ لە پرێستیژی ناو و ناسنامەی حیزبی دێموکرات بێ منەت بێت.

دامەزرانی پارتی دێموکراتی کوردستان لە عێراق و دواتریش لە سووریە و تورکیە و خاوەندارێتییان لە مێژووی پرسەروەریی حیزبی دێموکرات بە تایبەتی لە سەردەمی کۆماردا، نموونەیەکی دیکە لە پەلهاوێشتنی پرێستیژی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازانەی حیزبی دێموکرات لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندایە کە کاریگەریی لە سەر ڕەوتی خەبات لەو بەشانە و بە تایبەتی لە کوردستانی باشووردا حاشاهەڵنەگرە.

سەرهەڵدانی «کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دێموکراتی کوردستان» کە بوو بە مەشخەڵداری ڕاپەڕینی پڕشکۆی ساڵەکانی ٤٧ـ٤٦، نموونەیەکی دیکەیە کە کۆمەڵێك لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات پاش بێهیوابوون لە ڕێبەریی ئەو کاتی حیزب، لە ڕاستیدا ڕێگایەکی جیاواز لەو ڕێبەرییە دەگرنە پێش و بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش ڕوو لە شاخەکانی کوردستانی ئێران دەکەن، بەڵام سەرەڕای هەموو جیاوازییەکانیان لەگەڵ ڕێبەریی ئەوکات، خۆیان نەك بە حیزبێکی جیاواز، بەڵکوو بە کۆمیتەیەکی سەر بە حیزب دەناسێنن و شوناسی خۆیان لە حیزبی دێموکرات جیا ناکەنەوە.

لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و لە ساڵی ١٣٥٩دا کۆمەڵێك لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب لە ژێر کاریگەریی حیزبی توودەدا لە حیزبی دێموکرات جیا دەبنەوە. ئەم گرووپە کە دواتر بە «تاقمی حەوت کەسی» ناوبانگیان دەرکرد، سەرەڕای ئەوەی کە بە کردەوە ڕێگای خەیانەتیان گرتە بەر و شانبەشانی هێزی داگیرکەر سەنگەریان لە پێشمەرگە گرت، ئامادە نەبوون واز لە ناو و پێشینەی پڕشانازیی حیزب بێنن و ناوی «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار»یان لە سەر خۆیان دانا.

پاش کۆنگرەی هەشتەم و لە یەکەم ڕۆژی ساڵی ١٣٦٧دا کۆمەڵێکی دیکە لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب ڕێگای جیابوونەوەیان هەڵبژارد، ئەوانیش سەرەڕای هەموو دژایەتییەکانیان لەگەڵ حیزب و دوکتور قاسملووی نەمر، ئامادە نەبوون ناسنامەی پڕشانازیی دێموکرات لە سەر خۆیان لابەن و تا کاتی گەڕانەوەیان بۆ نێو حیزب، ناوی «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ»یان لە سەر خۆیان دانا.

دوایین نموونە لەم دابڕانانەش ئینشعابی پاش کۆنگرەی ١٣ی حیزب بوو کە لە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٥دا ڕووی دا. ڕێبەرانی ئەم ڕەوتەش سەرەڕای هەموو دژایەتییەکیان لەگەڵ ڕێبەرایەتیی حیزب و سیاسەت و پرەنسیپەکانی حیزب، تا ئێستا ئامادە نەبوونە واز لە ناسنامەی حیزبی دێموکرات بێنن و لە هەموو شوێنێك بە نارەوا خۆیان وەکوو حیزبی دێموکرات دەناسێنن.

لێرەدا چ دەستەکانی پشتی پەردە هاندەری لایەنە جیابووەکان بۆ وازنەهێنان لە ناو و ناسنامەی حیزبی دێموکرات بن و چ خودی ئەو کەسانە خۆویستانە وەها کارێك بکەن، ناتوانین حاشا لە ڕاستییەك بکەین، ئەویش ئەوەیە کە ڕابردووی خەبات و تێکۆشان لە حیزبیی دێموکراتدا ڕابردوویەك نیە کە کەسێك بتوانێ خێری ببەخشێت و بە تەواوی پشتی لێ بکات، هەر بۆیەشە کە دەبینین کەسانێك هەن کە پاش دابڕان لە حیزبی دێموکرات ئەوپەڕی ناپاکییان لەگەڵ گەلەکەیان کردووە و تا قورقوڕاچکە لە خەیانەت چەقیون و هەموو جۆرە بوختانێکیان بۆ بەدناوکردنی حیزب کردووە و زۆر جار حیزب و ڕێبەرانی حیزبیان بە خائین ناو بردووە، بەڵام ئامادە نەبوونە ڕابردووی ئەندامەتیی خۆیان لە حیزبی دێموکراتدا بە خەیانەت لە قەڵەم بدەن و بگرە شانازیشی پێوە دەکەن.

زۆریەك لەو لایەنانەی کە جاربەجار دژی حیزبی دێموکرات هەڵوێستیان گرتووە، بە بێ ئەوەی کە دانی پێدا بنێن یان بیریان لێ کردبێتەوە، شوێنکەوتوو و میراتخۆری شانازییەکانی ئەو حیزبەن. بوونی ناوی پیرۆزی پێشمەرگە و خەباتی پێشمەرگانە، ئاڵای نەتەوەیی، داواکردنی مافی نەتەوایەتی، کیانی نەتەوەیی، ئوسوولی کاری ڕێکخستن، پەروەردەی سیاسی، کارکردن بەپێی بەرنامە و پێڕەوی مۆدێرن و دیسیپلینی حیزبی چەند نموونەیەك لە داهێنانەکانی حیزبی دێموکرات لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورددان کە ئێستا دەکرێ بڵێین زۆربەی نزیك بە تەواوی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان وەکوو ئەسڵێکی نەگۆڕ و پرەنسیپێکی پیرۆز لە بەرنامەی کاری خۆیاندا ڕەچاویان دەکەن. تەنانەت بۆ نموونە، لە سەرەتاکانی قۆناغی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧دا دەبینین کە کۆماری ئیسلامی وەکوو دوژمنی سەرسەختی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکرات، بۆ ئەوەی کە دیاردەی دزێوی جاشایەتی لە ناو خەڵکی کوردستاندا پەرە پێ بدات، لە ناوی پیرۆزی «پێشمەرگە» بۆ ئەو کەسانە کەڵك وەردەگرێ کە چەکی خەیانەت لە گەل و نیشتمانەکەیان لە شان دەکەن و دەبنە کەواسووری بەر لەشکری غازیانی جەماران و «سازمان پیشمرگان مسلمان کرد» دادەمەزرێنێ کە دواتر هەڵدەوەشێتەوە و ئەندامەکانی کە تا ئەو کاتە پێیان وابوو بە ڕاستی پێشمەرگەن، بە ڕەسمی ناوی «پاسدار»یان لە سەر دادەنرێت کە لە فەرهەنگی سیاسیی خەڵك و بزووتنەوەی کوردستاندا وەکوو جاش، خۆفرۆش، بەکرێگیراو و... دەناسرێن.

بە کورتی، دەبێ دووپاتی بکەینەوە کە پانتایی شانازییەکانی حیزبی دێموکرات و قەڵافەتی بەرزی ئەم حیزبە لە مێژووی کوردستاندا بۆتە هۆی ئەوەی کە بە دەگمەن دەسکەوتێکی نەتەوەیی هەبێت کە مۆرك و ناونیشان و باندۆری ئەم حیزبەی پێوە دیار نەبێت. حیزبی دێموکرات ئەو حیزبەیە کە لە خوانی سەرکەوتنەکانی خۆی نەتەوەیەك بەشدار دەکات، بەڵام هەرگیز نە بەرپرسیارێتیی شکستەکانی خۆی خستۆتە سەر شانی خەڵك دیکە و نە بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن یان کەمکردنەوەی زیانەکانی شکست، تووشی خەیانەت بووە.



# وتووێژی ئۆرشەلیم ئانلاین لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**پ: ڕەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران دوای خۆپیشاندانەکان بە دژی ڕێژیمی ئێران چۆنە؟ دژبەرانی ڕێژیم لە کوردستان چاوەڕێی چی دەکەن؟**

ڕەوشی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بە گشتی زۆر خراپە و کۆماری ئیسلامی هیچ مافێک بۆ شارۆمەندانی لەبەرچاو ناگرێت. ئەم ڕەوشە لە کوردستاندا زۆر خراپترە لەچاو بەشەکانی دیکەی ئێران. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بو ئەوەی ڕێژیمی ئێران کوردەکان نە وەک هاووڵاتی بەڵکوو وەکوو خەیانەتکار و دژی شۆڕش چاو لێدەکا و بەردەوام جموجۆڵەکانیان لە ژێر چاوەدێری دەگرێ و بە هەموو بیانوویەک سەرکوتیان دەکات. بە تایبەت دوای هەر سەرهەڵدانێکی ناڕەزایەتی وەکوو ئەوەی ئەم دوواییانەی لە مەهاباد ڕوویدا. لەو ڕووداوەی مەهابادا، کچێکی کوردی کارمەندی «هۆتێل تارا» لە دژکردەوەیەکدا بەرانبەر بە کردەوەیەکی نامرۆڤانەی فەرمانبەرێکی ڕێژیم کە هەوڵی دەستدرێژی کردنی دابوو، خۆی لە نهۆمی ٤ی هۆتێلەکە خستە خوارەوە و لە ئاکامدا گیانی لە دەست دا.

بەدوای ئەو ڕووداوەدا و دەربڕینی ناڕەزایەتی خەڵک لە شاری مەهاباد و بە داوی ئەودا لە خۆپێشاندانی ناڕەزایەتی لە چەند شار و شارۆچکەیەکی کوردستان، بێجگە لە هێزی نێزامی و ئێنتێزامیە سەرکوتکەرەکانی ئەو شارانە، ڕێژیم ژمارەیەکی زۆری هێزی دیکەی لە شوێنەکانی دیکەوە بۆ سەرکوتکردنی خەڵک و چاوترسێنکردنیان هێنایە کوردستان و دەستی داوەتە قۆڵبەستکردنی خەڵکی ناڕازی و ناردنیان بو زیندانەکان. لەو پێوەندیەدا زیاتر لە سەد کەس تا ئێستا خراونەتە زیندان و کەوتوونەتە بەر ئەشکەنجە و سووکایەتی پێکردنی هێزەکانی ڕێژیم. هەرچەشنە کۆبوونەوەیەکی خەڵک بەرگری لێدەکرێت و بە گشتی فەزای ئەمنیەتی کوردستان توندوتیژتر بووەتەوە و خەڵک نیگەرانی چارەنووسی ئەو زیندانیانەن.

**پ: باسی ئەو هەڵاواردنە بکە کە کوردەکانی ئێران ڕوبەڕوو دەبنەوە لەگەڵی و وای لێ کردوون کە خۆپیشاندان بکەن بە دژی ڕێژیمی ئێران.**

گەلی کورد لە ئێراندا هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری ڕێژیمی ئیسلامی بە هۆی جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی - پەراوێز خراون لەکاتێکدا زیاتر لە نیوەی کوردی ئێران سوننە مەزهەبن. لە ڕاستیدا هۆی سەرەکی ئەو هەڵاواردنە دەگەڕێتەوە بۆ بەربەرەکانێی کورد لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامی و خەبات کردنیان بو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکە پێشێلکراوەکانیان. ئاکامی ئەو هەڵاواردنە بۆتە هۆی ئەوەی کە چوار پارێزگای کوردستان لە باری خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەوە کەمترین بوودجەیان بو دیاری دەکرێ، ڕادەی بێکاری بە تایبەت لەنێو لاوەکاندا لە ئاست شوێنەکانی دیکەی ئێران لە بەرزترین ئاستدایە . پەروەردەی ڕێژیم بە شێوەی بەرنامە بۆداڕێژڕاو لە قۆتابخانەکاندا لە سەر تواندنەوەی کولتوور، زمان و مێژووی کورد چڕ بۆتەوە. کەمترین جیابیری و مافخوازی گەلی کورد وەک پیلان بۆ تێکدانی ئاسایشی وڵات و جوداییخوازی ئەژمار دەکرێت و چالاکانی سیاسی و مەدەنی ڕووبەڕووی زیندانی درێژخایەن، ئەشکەنجە و تەنانەت ئێعدام دەبنەوە.

**پ: حیزبەکەی ئێوە چی دەکا بۆ خەبات کردن لەگەڵ ڕێژیمی ئێران و بۆمان باس بکە کە ئێوە چۆن هاوکاری دەکەن لەگەڵ بەلووچەکان، ئازەریەکان، عەرەبەکان و هتد. پێتان وایە کە گروپی دیکە بێجگە لە کورد خۆپیشاندان بکەن بە دژی ڕێژیمی ئێران؟**

حێزبی دێموکرات لە هەموو شێوەکانی خەباتی ڕەوا بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی و لابردنی هەڵاواردن لەسەر خەڵکی کوردستان خەبات دەکات. بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ دوازدە لایەنی دیکە لە نەتەوە بندەستەکانی ئێران و لەوانە تورکی ئازەربایجانی، بەلووچ، عەرەب و تورکمانەکانی ئێران هاوپەیمانیەکمان لە ژێر ناوی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ پێکهێناوە و پێکەوە هاوخەباتین. ئامانجی ئەو هاوپەیمانییە پێکهێنانی ئێرانێکی دێموکراتی فێدراڵ بە جۆرێک کە لە چوارچێوەی ئێراندا هەموو نەتەوەکان حکوومەتی خۆجێی خۆیان بو بەڕێوبردنی هەرێمەکانیان پێک بێنن و لە هەمان کاتدا لە بەڕێوبردنی وڵاتیشدا لە سەر یاسایەکی بنچینەیی دێمکوکراتیک بەشدار بن.

**پ: بۆمان باس بکە کە سیستەمی ئیدارەی ئۆباما چە کاریگەریەکی لەسەر کورد و کەمەنەتەوەی دیکە لە ئێران هەبووە.**

مێژووی خەباتی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی لە ئێراندا لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا بەردەوام بووە و نەبەستراوەتەوە بە کێشەی نێوان ولایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا چ لە کاتی سەرۆکایەتی ئوباما و چ پێش ئەویش باقی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەگەڵ ئێراندا و ئەم خەباتە تا گەیشتن بە ئامانجەکانی بەردەوام دەبێت. بەڵام سیاسەتی ئامریکا بە گشتی یارمەتیدەری خەباتی کورد و باقی ئازادیخوازانی ئێران نەبووە. بەتایبەت سیاسەتی ئێدارەی ئوباما و گرووپی ١+٥ لە پێوەندی لەگەڵ تەفاهۆمنامەی لۆزان و بەرنامەی لابردنی گەمارۆکانی سەر ڕێژیمی ئێران، دەستی لە هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ وڵاتانی دیکە، بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاواڵەتر دەکات. هەر ئەوەی کە ئێستا لە عێراق، لۆبنان، سووریە و یەمەن دەیبینین. ئاکامی ئەم سیاسەتەش بریتیە لە نانەوەی شەڕ و بشێوی زیاتری نەتەوەیی و ئایینی لە ناوچەکەدا و سەرکوتی زیاتری بزووتنەوە ئازادیخوازە نەتەوەییەکان و یەک لەوان بزووتنەوەی کورد.

**پ: باسی هەلومەرجی عێراقمان بۆ بکە و باسی کردارە دژە مرۆییەکانی ئێران لەو وڵاتە بکە؟ ئایا کردارەکانی ئێران لە عێراق چ کاریگەریەکیان هەیە لەسەر کورد؟**

عێراق هەلوومەرجێکی زۆر دژوار و پڕ لە شەڕ و ئاژاوە تێدەپەڕێنێ. شەڕی ئێتنیکی و ئایینی لەمێژە دەستی پێکردووە. کوردی ئەو بەشە کە توانیان دوای ڕووخانی سەدام حوسێن دەسەڵاتێکی خۆجێیی پێک بێنن، ئێستا لەگەڵ زۆر کێشە و لەوانە بڕینی بوودجەیان لە لایەن بەغداوە، شەڕی داعش و نێزیک بە ملوێن و نیوێك ئاوارە بەرەوڕوو بوونەتەوە. هاتنە پێشی ئەم بارودۆخە نالەبارە دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی ڕێژیمی ئێران کە لە ئێستادا لە عێراقدا دەسەڵاتی بە دەستە. کۆماری ئیسلامی عێراقێکی یەکگرتوو و سەقامگیری ناوێت و هەردەم تێدەکۆشێت بە ساز کردنی دووبەرەکی و شەڕ و ئاژاوە سیاسەتەکانی خوی لەو وڵاتەدا بەرێتە پێش. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی هیچ ئاسۆیەک لە سەقامگیری و ئاسایش لەو وڵاتەدا بەدی نەکرێت.

**پ: کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەتوانی چی بکا بۆ هاوکاری کردنی کوردەکانی ئێران لە خەباتەکەیان بە دژی ڕێژیمی ئێران؟**

کۆمەڵگای نێونەتەوەیی پێویستە گەلی کورد لە ئێراندا لە بەرانبەر زوڵم و زۆرداری ڕێژیم بە تەنیا نەهێڵێتەوە، تاکوو بتوانن خەباتەکەیان چالاکتر دژی ڕێژیمی ئێران درێژە پێ بدەن. گۆشار خستنە سەر ئێران بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ، لابرنی هەڵاواردن لە سەر کورد ، نەهێشتنی فەزای توند و تیژی و ئەمنیەتی کردنی کوردستان، ڕوانینیان بۆ کورد وەک هاووڵاتی و نە وەک دوژمن و زۆر بابەتی دیکە لە ڕیزی ئەو یارمەتیانەن کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەتوانێ لە پێوەندی لەگەڵ گەلی کورد لە ئێراندا هەنگاویان بۆ هەڵبگرێت.





## ڕۆژەڤ

### تیرۆریزم لە سووریە چۆن گەشەی کرد

تارا خێری

سووریە یەکێك بوو لەو وڵاتانەی کە بەهاری عەرەبی لەساڵی ٢٠١١ گرتیەوە ،ئەوەی کە سووریەکانی هێنایە سەر شەقامەکان دیکتاتۆریەتی چەندین ساڵەی بنەماڵەی ئەسەد بوو ، ئەوان داوای ئازادیان دەکرد بەڵام حکومەت بە توندترین شێوە هێرشی کردە سەریان . سەلەفیە توندڕەوەکان ئەو ئاڵۆزیەی سووریەیان بە دەرفەت زانی بۆ زیندووکردنەوەی ئەلقاعدە دوای ئەوەی سەرۆکی ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعدە ئوسامە بن لادن بەدەستی هێزەکانی ئەمریکا کوژرا. تیرۆریستان سودیان لەم دەرفەتە وەرگرت لە دامەرزاندنی دەوڵەتێکی تیرۆریستی بۆ سەرکوتی خەڵکە ئازادی خوازەکەی سوریا .ئەگەرچی داعەش سونەیە و بەشار ئەسەد شیعە بەڵام ئامانجیان هاوبەشە لەوەی کە هەردوولا کار بۆ بەلاڕێدا بردنی شۆرشی سوری دەکەن .زۆربەی ئەندامانی داعەش ئەو توندڕەوانە بوون کە لە زیندانەکانی ئێران و سووریە ئازادکراون ، ئەوان حوکمەکانیان سزای لەسێدارەدان یان هەتاهەتایی بووە ، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئێران و سووریە پشتیوانی داعەشیان کردووە لەسەرەتای دامەرزاندنیەوە تاکو ئێستا . ئۆپۆزسیۆنی سیکۆلاری سووریە داعەش وەك دەستکردی ئێران و سوریا دەزانن ، ڕژێمی سوریا و ئێران ئەم توندڕەوانەیان هێناوە بۆ تێکدانی ڕوخساری شۆڕشی سوری ، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بهێننە سەر ئەو بۆچونەی کە ئەوان شەری دژی تیرۆر دەکەن لە سووریە .ڕژێمی ئێران کە سپۆنسەری تیرۆریزمە لە جیهان ، هەوڵدەدات بەو سیناریۆیانەی کە لە سوریا بەڕێوەی دەبات پارێزگاری لە مانەوەی بەشار ئەسەد بکات ،جا بۆی گرنگ نییە کەخوێنی خەڵکی بێتاوان و ئازادیخوازی سووریە بەناحەق بڕژێت . کاتێ شاری ڕەقا لەلایەن تیرۆریستانی داعەشەوە دەستی بەسەرداگیرا ،چارەنووسی ڕەقا جیاوازبوو لە چارەنووسی شارەکانی دیکە لەوانە ( دیرالزور،حلب،حمص، دیرە) چونکە ئەو شارانەی دیکە لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە کۆنتروڵ کرابوون ، ئەسەد شەو و ڕۆژ بۆمبەبارانی دەکردن ، بەڵام ڕەقا لەلایەن داعەشەوە دەستی بەسەردا گیرابوو ،ئەسەد داعەشی بە دووژمنی دووژمن واتە دۆستی خۆی دەزانی . ڕێژیمی ئێران لە مێژە خەون بە دروستکردنی ئیمپراتۆریەتێکی شیعە دەبینیت لە ناوچەکەدا کە سنورەکانی ئێران ،عێراق، سووریە ، لوبنان ، یەمەن بگریتە وە ، بۆ ئەم مەبەستە ئێران هەوڵ دەدات رژێمی عەلەوی سوریە لەسەر کار بمێنێتە وە ،بۆیە ئێران لەسووریە داعەش بکاردەهینیت بۆ بەرەنگار بوونەوەی سوپای ئازاد ، وەزیری دەرەوەی فەرانسە ماوەیەک لەمەوبەر ڕایگەیاند کە ئیران لەسووریە نەوت لە داعەش دەکرێت . شۆڕشگێڕانی سووریە گەواهی لەسەر ئەو ڕاستییە دەدەن کە (ئێمە ئەو چەکدارانەی داعەش دەناسینەوە لە ڕابردوودا ئەوان لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەسەد ڕاهێنانیان پێکراوە ،ئێمە بینیمان کە سوپای ئەسەد بێ بەرگری لە زۆربەی ناوچەکان کشایەوە بۆئەوەی داعەش دەستی بەسەردابگرێت).

کوردستان

# سنوورەکانی نێوان خاکی کوردستان هی کێیە؟

دالانپەڕ

سنوورەکانی ئەو وڵاتانەی کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی دۆخە رەگەزی، زمانی، مێژووییەکانی دانیشتوانی نەتەوەکان بە هۆی دەسەڵاتە زلهێزەکانەوە دیاریکراون و بەسەریاندا سەپاندون، بەدرێژایی مێژوو، کێشە و ململانێی بەدواوە بووە، تا یەکلایی نەکردنەوەیان کێشەکان بەردەوام دەبن.

یەکێك لەو نەتەوانە، نەتەوەی کوردە کە سنوورەکانی نێوان خاکی کوردستان بە دوای چەند پرۆسە و شەری گەورەی نێوان دراوسێکانیەوە (ئێران و تورکیە١٥١٤ز - ئێران و ڕوسیە ١٨٠٣ز- عهدنامەی گلستان - ئێران و ڕوسیە ١٨٢٦ز، عهدنامە ترکمانچای - ئاکامی شەڕەکانی جیهانیی یەکەم ١٩١٤ز و دووهەم١٩٣٩ ز) بە شێوەیەکی نادادوەرانە دیاریکران و بە سەر گەلی کورددا سەپێندران. نیشتمانی کورد بە سەر چوار وڵاتی (ئێران، تورکیە، سورییە وعێراق)کە لەژێر دەسەڵاتدارنی فارس، تورك و عەرەبدا بوون و هەموویان بەدرێژایی مێژووی ئەو چەند ساڵەی پێکهاتنیانەوە، هیچ مافێکی هاووڵاتی بوون بۆ خەڵکی کوردستانیان لەبەر چاو نەگرتووە، هەردەم ئەوانیان چەوساندۆتەوە و بە بیانووی جۆراوجۆرەوە هەموو جۆرە توند و تیژییەکیان لەگەڵ ئەوخەڵکە ئەنجام داوە و هەموو جۆرە پیلانێکیان لەسەریان بەڕێوە بردووە.

نیشتمانپەروەرانی گەلی کورد لە حکوومەتە میرنشینە عەشایەرییەکانەوە بگرە تا دەگاتە پێکهاتە ڕێکخراوەیی و حیزبە نەتەوەیەکانی کە بە هۆی ڕووناکبیرانی کوردەوە پێکهاتن، لەمەر ئەو هەمووە ستەم و زوڵمەی دەسەڵاتدارنی فەرمانڕەوای فارس، تورك و عەرەبەوە بێدەنگ نەبوون، بەشێوازی جۆراوجۆر خەباتیان کردوە، بەڵام بە هۆی زاڵبوونی دەسەڵاتی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری بەسەر وڵاتەکاندا، بەرێوەبەرانی بەرخودان و خەباتیان بە شێوەی جۆراوجۆر تۆمەتبار کردووە و گرتوویانن وخستویانەتە نێو بەندیخانەکانیانەوە و حوکمی سێدارە و ئیعدامیان بۆ بڕیونەتەوە. هەربەم هۆیانەوە ڕێبەرانی خەباتکاران بەمەبەستی درێژەدان بە خەبات، پەنایان بۆ چیا و شاخ و سنوورەکانی کوردستان بردووە، بەدرێژایی مێژووی خەباتی گەلی کورد لە سەدەکانی ١٩ و٢٠ی زایینی تا ئێستا سنوورەکان شوێنی خەبات و چالاکی و مانەوەی



هەموو ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بە گشتی بووە و هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بەشێکی زۆری شانازی و سەرکەوتنیان لە بوون لە نێو سنوورەکاندا دەبیننەوە و لە لایەکی دیکەوە پشتیوانی خەڵکی هەر پارچەیەکی کوردستان لە حیزب و ڕێکخراوەکانی هەریەك لە پارچەکان بە مایەی شانازی و مانەوەیان دەزانن. خەڵکی کوردستان زۆر بوێرانە یارمەتیان بە شۆڕشگێڕانی هەموو پارچەکان بەبێ جیاوازی کردووە، هاوکات لەگەڵ ئەو پشتیوانییە ئەندامەتی ڕێکخراو و حیزبەکانی پارچەکەی خۆیان کردوە. لە هەمان کاتدا ئەگەر ڕێکخراو یان حیزبێکی هەر پارچەیەکی کوردستان بە دژی یەکگرتوویی و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان جووڵابێتەوە یان بە پاڵپشتیی یەکێك لەو وڵاتانەی کە بەسەر کوردا سەپاون جووڵابێتەوە و شەڕی براکوژی بە قازانجی یەکێك لەو وڵاتانە لەگەڵ حیزبە کوردییەکان کردبێت، پشتیوانیان لێ نەکردوون و لە ڕیزی گۆپاڵبەدەستی دوژمنی گەلی کورددا جێگایان کردوونەوە.کە بە داخەوە لە مێژووی گەلەکەماندا لەمڕووەوە خەتا و هەڵەی فرە دیتراون. کە هیوادارین چیتر ئەو ڕێکخراو و حیزبانەی خۆیان بە پێشڕەو و ڕێ پێشاندەری ئامانجەکانی گەلی کورد و خاکی نیشتمان لە پێشەوەی هەموو حیزبەکاندا دەبینن، جارێکی دیکە تووشی ئەو خەتا و هەڵانە نەبنەوە.

هەور وەك هێمای بۆ کرا سنوورەکانی نێوان نیشتمانی کوردستان بە شێوەی دەسکرد دیاریکراوە، بمانهەوێت و نەمانهەوێت ئەم سنوورانە تا تێپەرکردنی پرۆسەگەلێك هەر دەمێننەوە و ماڵ و میراتی گشتیی گەلی کوردە و جێی خەبات و بەرخودانی هەموو تێکۆشەرێکی کوردە وجێی هەموانی تێدا دەبێتەوە و هیچ حیزب و لایەنێك مافی ئەوەی نییە ڕێ بە خەبات و تێکۆشانی هیچ تێکۆشەرێکی کوردی پارچەکانی دیکە بگرێت، هێڵی مارلۆ یان زیگفرۆید بە فازانجی دوژمنێکی کورد بۆ خۆی دروست بکات!!

لە ڕۆژی ٣ی جۆزردانی١٣٩٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٤ی مانگی مەی ٢٠١٥ی زایینی لە بەرزاییەکانی ناوچەی نێوان خنێرە وخواکورك لە پۆرکی ٢ نیزیك بە مۆلگەکانی سپای پاسدارانی ئێران، هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە p.k.k پێشیان لە تیمێکی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گرت کە بە مەبەستی ئامادەبوون لە نێو خەڵکی کوردستانی ئێران بەرەو سنوور ڕۆیشتبوون، لە لایەن چەکدارە گریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە تەقە دەکرێت کە لەئاکامدا یەکێك لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بە ناوی (قادرکەریمی) شەهید و بریندار بوونی ٣ پێشمەرگەی دیکەی لێدەکەوێتەوە، بە داخەوە جارێکی دیکە لە سەدەی ٢١ کە بە سەردەمی پێشکەوتن و دیالۆگ و ئاشتی جیهانی ناودێر کراوە، بە بێ ئەزموون وەرگرتن لە زیانەکانی مێژووی خەباتی گەلی کورد، بۆ خۆشخزمەتی بە دوژمنێکی گەلی کورد (ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران)، جارێکی دیکە خوێنی ڕۆڵەیەکی شۆڕشگێڕی کورد بە دەستی گریلایەکی پ.ك.ك دڕژێتە سەر خاکی نیشتمانی زامدارەوە.

ئەوەی لێرەدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەبێت لێی ئاگاداربن، ئەوەیە کە بزانن لە باری شەرعی و یاساییەوە مافی (پ.ك.ك) بووە ڕێگری و تەقە لە پێشمەرگەی دێموکرات بکات؟

لە وەڵامدا با بزانین کە (پ.ك.ك) لە ماوەی زیاتر لە ساڵی ڕابردوودا لە سنوورەکانی شەرعی و یاسایی خۆی (سنوورەکانی تورکیە) بوە یان لە سنووری نێوان کوردستانی ئێران وکوردستانی عێراق (هەرێمی کوردستان)؟

بە چاوخشاندنێك بە نەخشەی سنوورەکانی کوردستاندا، دەبینین کە سنووری کوردستانی ئێران لە دووبەش پێك هاتووە:

بەشی یەکەم: سنووری بەشی باکوور دالانپەڕ، کە لە چیای دالانپەڕەوە (ناسراو بە سێ سنوور) یانی لە پشتی ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ دەست پێدەکات تا داوێنەکانی چیای ئاڕاراتی بچووك سنووری نێوان کوردستانی ئێران و کوردستانی تورکیەیە، (ئاوایی دەم قشلاقی سەروو لە کوردستانی ئێران - شاری ئارالیق لە کوردستانی تورکیە)، لە ئاوایی دەم قشلاقەوە بۆ بەندئاوی ئاراز سنووری نیوان کوردستانی ئێران و وڵاتی ئازەربایجانە، درێژایی نێوان ئەو سنوورانە نیزیك بە ٦٠٠کیلۆمیتری سەر زەوی و نیزیك بە ٥٠٠ کیلۆمیتری هەواییە، لێرەدا خەڵکی کوردستانی ئێران و تورکیە، یان بڵێین ئێمە و پەکەکە، سنووری هاوبەشمان هەیە، مافی هەر دوو لایە کە لەم سنوورانە بۆ خەبات کەڵك وەرگرن. کە بە داخەوە بە هۆی سیاسەتی شەڕئەنگێزانەی (پ.ك.ك) لە ساڵەکانی ١٣٦٧تا ١٣٧٠ی هەتاوی، بۆ خۆشخزمەتی بە کۆماری ئیسلامی ئێران بەرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەکانی قوتور تا سێ سنوور دەگرت و ئەو کاتیش پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بۆ خۆ پاراستن لە شەڕی برا کوژی چالاکیان لە سنوورەکانی ئەو ناوچانە کەم کردەوە و ئەوان بەوەش ڕازی نەبوون تاکوو لە ڕێکەوتی ١٣٧٠/٥/١٤ی هەتاوی لە کاتی گەڕانەوەی ٦ کادر و پێشمەرگەی حیزبی بۆ لای سنووری کێلەشینی شنۆ لە دۆڵ گامێشی سنووری تورکیە وەبەر دەستڕێژی چەکدارانێك کەوتن (ئەو کاتی تەنیا حیزبی دێموکرات و (پ.ك.ك) لەو سنوورە بوون) و شەهید کران و تەرمەکانیان بە ئاودا دان و بە جێیان هێشتن.

بەشی دووهەم: سنووری بەشی باشوور دالانپەڕ ،کە لە چیای دالانپەڕەوە دەست پێدەکات تا مووسیانی پارێزگای ئیلام بەرامبەر بە شارۆچکەی کووت لە عێراق، ئەم سنوورە لە نێوان کوردستانی ئێران و کوردستانی عێراق هەڵکەوتووە و بە دەیان ساڵە شۆڕشگێڕانی ئەو دوو پارچەیەی کوردستان خەباتیان تێدا کردووە و لەمپەڕ و بەربەستێکی وەهایان لە سەر چۆنیەتی کار لە سەر سنوور بۆ یەکتر دروست نەکردوە. درێژای ئەم سنوورەش زیاتر لە ٧٥٠ کیلۆمیتری سەر زەوی و زیاتر لە ٥٥٠ کیلۆمیتری هەواییە.

بەڵام سەرکردایەتی و زۆربەی هیزی گریلاکانی پەکەکە دوابەدوای چۆڵ کردنی (دۆڵی بەقا)ی سووریە و دوای چەند شەڕێك کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و پارتی دێموکرات و یەکیەتیی نیشتمانی لە کوردستانی عێراق کردی، لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان کوردستانی ئێران و عیراق (هەرێمی کوردستان)یانی لە بەشی دووهەمی جێگیر بوو و بە مافی خۆی زانیی لە دالانپەڕەوە تا کوو چیای شاهۆ بە قووڵایی ٣کیلۆمیتر لە نێو خاکی کوردستانی ئێران ونیزیك بە ١٠ کیلۆمیتر لە قووڵایی هەرێمی کوردستانی عێراق حوکمڕانی بکات و لە بەرامبەر هیچ یاسایەکدا خۆی بە بەرپرسیار نەزانێت و حیزب بۆ پارچەکانی دیکە دروست بکات و لەمپەڕ بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان دروست بکات و لە خەڵك بە زۆر باج و خەراج وەربگرێت.

هیچ کەسیش مافی نەبێت لێی بپرسێت ئەو بەرپرسایەتییەی لە چ هەڵبژاردنێکدا بۆ خۆی مسۆگر کردووە.

هیوادارم پەکەکە وەڵامێکی هەبێ بۆ ئەو لاوانەی کە لە کوردستانی ئێرانەوە لە ڕووی دڵسۆزی و نیشتمانپەروەرییەوە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، بە پڕوپاگەندەی چەواشەکارانەی نەتەوەیی هەڵیخەڵەتاندوون و ئەوانی کردووەتە قوربانیی سیاسیەتە ناسەردەمییەکانی خۆی کردوون و لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستانی ئێران بە کوشتی داون و ڕوونی بکاتەوە ئەم کارە بۆ چ ئامانج و سیاسەتێك بووە؟ ئایا لە ئەوانیش وەکوو لاوانی کوردی سوورییە (کە بە پێی گرێبەست لەگەڵ ڕێژیمی ئەسەد مافی سەربازی سوورییەیان بۆ بە حیساب دەهاتن)، ئایا لاوانی کوردستانی ئێرانیش وەکو سەربازی کۆماری ئیسلامی بە حیساب دێن؟ ئایا هەر بۆ ئەوەیە کە سنوورەکانی کوردستانی ئێرانتان بە پاڵپشتی سپای پاسداران بە سەر تێکۆشەرانی دێموکرات داخستووە و وەك پاسەوانی سنووری هیزەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەرکتان پاراستنی سنوورەکانە بە قازانجی کۆماری ئیسلامی؟؟؟؟؟

# شۆڕشی ئاگری

شەهاب خالیدی

دوای سەرکوتی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا دەستیان لە خەبات هەڵنەگرت و ئەمجارەیان ڕێکخراوی خۆیبوون بڕیاری دا کە دەست بە ئۆرگانیزەکردنی شۆڕشێکی دیکە لە دژی دەوڵەتی تورکیە بکات، ئەو دەوڵەتەی کە بە هیچ نرخێك ئامادە نەبوو دان بە مافە ڕەواکانی گەلی کورددا بنێ و دروشمی یەك نەتەوە، یەك ئالا، یەك زمان و یەك خاك ببوو بە بنچینەی دەسەلاتەکەی.

لەو چوارچێوەیەدا ئێحسان نووری پاشا و برۆ پێکەوە چیای ئاگرییان کردە ناوەندی شۆڕش لە دژی زۆرداری. ئەوان لە ساڵی ١٩٢٦-١٩٢٧ دا دەستیان دایە کۆکردنەوەی هێز و دواتریش کۆبوونەوەیەکی گرینگیان پێك هێنا و لەو کۆبوونەوەیەدا مارشێکی تایبەت و ئاڵای کوردستانیان (ئالای کوردستان بەپێی نووسینێکی ئێحسان نووری پاشا بۆ خۆی، لە ڕەنگی سوور لە لای سەرێ و سپی لە ناوەند و سەوز لە خوارەوە و تیشکێکی خۆریش لە ناوەندی ئالاکەدا پێك هاتبوو) پەسند کرد و بڕیاری هاوکاری و دۆستایەتی لەگەڵ ئەرمەنیەکانیانی دەرکرد، کە ئەمە بڕیارێکی ژیرانە و لە جێگای خۆیدا بوو، چونکە عوسمانیەکان تۆی دوژمنایەتیان لە نێو ڕۆڵەکانی کورد و ئەرمەندا چاندبوو.

هەروەها لەو کۆبوونەوەیەدا لە سەر ئەوە ڕێککەوتن کە ئێحسان نووری پاشا ببێ بە فەرماندەری گشتی و «برۆ»ش ببێ بە بەرپرسی کاروباری سیاسیی ئەو بزووتنەوەیە.

دەوڵەتی تورکیە لە بەرامبەر ئەو هەوڵانەی بزووتنەوەی ئاگریدا لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٠دا هێرشێکی زۆر بەرفراوانی (کە بە پێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی "Cumhuriyet" پێك هاتبوو لە ٦٠ هەزار سەرباز و ٦ هەزار ژاندارم و ١٠٠ فرۆکە) کردە سەر شۆڕشگێڕانی بزووتنەوەکە. هەرچەند کە شۆڕشگێڕانی کورد بێ پشتیوان بوون و تەنیا پشتیوانیان بیروباوەڕی پۆلایینیان و شاخەکانی کوردستان بوون دیسانەکەش توانیان ئەو هێزە زەبەلاحەی دەوڵەتی تورکیە تێك بشکێنن. بەڵام دەوڵەتی تورکیە گەمارۆی خستە سەریان و دواجار توانی کۆتایی بە شۆڕشەکە بێنێ.

هەروەها خێزانی ئێحسان نووری پاشاش بە گوللەی میترالیوز بریندار دەبێ و ناچار دەبێ ڕوو لە ئێران بکەن.

پێویستە بوترێ ئەو کەسانەی کە سەرکردایەتی شۆڕشەکەیان دەکرد، کەسانێکی زۆر نیشتمانپەروەر و نەتەوەیی بوون.

بۆ وێنە یەکێك لە سەرکردەکانی شۆڕشی ئاگری بە ناوی فەرزندە بەگ کە لە ساڵی ١٩٢٥دا بەشداریی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی کردبوو، دوای تێکشکانی شۆڕشەکەی شێخ سەعید، لەگەڵ ١٥٠ سواری دیکە بەشداریی لە شۆڕشەکەی سمکۆی شکاکدا کرد و شان بە شانی ناوبراو لە دژی دەوڵەتی ئێران شەڕی کرد. ناوبراو دوای تێکشکانی شۆڕشی سمکۆ، جارێکی دیکە ڕووی کردە باکووری کوردستان و ئەمجارەیان لە شۆڕشی ئاگریدا بەشداری کرد.

«برۆ»ش لە پاییزی ساڵی ١٩٣٢دا کە شۆڕشی ئاگری سەرکوت کرا، خۆی ڕادەستی دەوڵەتی تورکیە نەکرد و لە سەر سنووری نێوان ئێران و تورکیە چەندین شەڕی گرینگی لە دژی ئێران و تورکیە کردو بەداخەوە ناوبراو لەگەڵ هاوسەری خۆی کەوتنە بۆسەیەك و گیانیان لە دەست دا.

ئێحسان نووری پاشاش کە لە ڕووداوێکی هاتووچۆ لە شاری تاراندا گیانی لە دەست دا، تا ئەو کاتەی کە لە ژیاندا مابوو پشتی لە نەتەوەکەی نەکرد و بە سەربەرزی ژیا. ناوبراو ئەو کاتەی کە لە ئێران بوو دو کتێبی نووسی کە یەکێکیان ژیاننامەی خۆی و ئەوی دیکەشیان کتێبك بوو لە سەر شۆڕشی ئاگری. هەروەها ناوبرا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ بنەماڵەی دوکتور قاسملوو دامەزراندبوو و لە وەرزی هاویندا زۆر جاران سەردانی گوندی قاسملوو و بنەماڵەی د. قاسملۆی دەکرد (بەپێی نووسراویەکی د. موحەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی).

بێگومان سەرچاوەی ئەو پەیوەندییانەش، ئەو بیروباوەڕە پتەوە هاوبەشەی ناوبراو و دوکتور قاسملوو بۆ خەبات لە دژی زۆرداری بووە. ناوبراویش بەر لە شۆڕشی ئاگری سەردانی سمکۆی شکاکی کردبوو، بەڵام کاتێك کە سمکۆ دەچێتە باشووری کوردستان، ناوبراو لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دەستبەسەر دەکرێ و بۆ زەنجان بەرێ دەکرێ کە دواتر دەتوانێ خۆی ڕزگار بکات و بڕواتە باکووری کوردستان و شۆڕشی ئاگری دەست پێ بکات.

# داعەش چۆن خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی بەشار ئەسەد دەکات

ن: سارا بایرک
و: تارا خەیری

سارا بایرك باس لە گەشەسەندنی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، داعەش دەکات کە زۆربەی سوورییەکان ئێستا بە داگیرکەری بێگانەی دەزانن

ساڵێك بەر لە ئێستا، زۆربەی ئەو گروپانەی کە لە بەرەی شۆڕشگێران شەڕیان دەکرد نارێکخراو بوون، زۆرینەی ئەوان تا ئێستایش دەناسرێنەوە، هەر هیچ نەبێ بە ئامانجی هاوبەشیاندا بۆ لەناوبردنی ئەسد و دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ هەموو سوورییەکان، لە ڕێگەی ئەو جووڵانەوەی کە ساڵی ٢٠١١ دەستی پێکرد.

کاتێك کە یاخییە ئیسلامییە سەلەفییەکان شوێنێکی گرنگیان گرت لە پێکدادانەکانی ساڵی ٢٠١٢، زۆرینەی ئەوان سووری بوون، وادەبینران کە بەشێك بن لە کۆمەڵگە جیاوازەکان.

بەم شێوەیە ئەوان دامەرزان، بەپێچەوانەوە داعەش گروپێکە کە ناسنامەیەکی نێودەوڵەتی هەیە و تێڕوانینێکی توندڕەوانەی هەیە بۆ شەریعەتی ئیسلامی، وە ئامادەن هەر سوورییەکیش بکەنە قوربانی کە داعەشی قەبووڵ نەبێت، جا ئەو کەسە ئۆپۆزسیۆن بێت یان لایەنگری ڕژێم. لە سێپتێمبەر داعەش کەسایەتی میانڕەوی ئیسلامی (ئەحفاد ڕەسول) ی لە ڕەقا ڕفاند.

لەڕێگەی بەکارهێنانی بۆمبی خۆکوژییەوە بەرەی نوسرە کە لقێکی دیکەی ئەلقاعدەیە بەرەنگاری گروپەکە بووەوە. چونکە ئەو وەك ئەوان تووندڕوە نەبوو ئەمەش پاڵنەری گەردەلولی باکوور بوو کە باندێکی یاخیبووی ناوخۆییە، لە شارۆچکەی عەزارەوە کە لە نێوان ئەلەب و سنووری تورکیایە، داعەش شەڕ لەگەڵ باڵی سەربازی (پەیەدە) دەکات لە باکووڕی ڕۆژهەڵات، ئەمەش گومان دروست دەکات لەو زیانانەی کە داعەش لە شۆڕشگێرانی داوە . ئۆپۆزسیۆنی سوریا لە قۆناغێکی ئاڵۆزدایە ،ئەنجومەنی ڕێبەری تاراوگەنشین کە ناسراوە بە هاوپەیمانی نیشتیمانی سوریا ڕایگەیاند کە هاوپەیمانان داعەش بە بەشێك لە ئۆپۆزسیۆن نازانن، چونکە چالاکییەکانی داعەش خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ڕژێمی ئەسەد دەکات، هەروەها هاوپەیمانی نیشتیمانی نیگەرانی خۆی دەربڕیوە لە گروپە توندڕەوەکانی دیکە، هەتا ئەوانی بە ناشۆڕشگێر ناوبردووە .

داعەش وەك لقێکی ئەلقاعدە لە عێراق سەری هەڵدا، ڕێکخراوەکە لە لایەن ئەبوو بەکر بەغدادی بەڕێوە دەبرێت کە توندڕەوێکی عێراقییە، هێرشی بێبەزەییانەی لە عێراق ئەنجام دەدا کە قوربانی مەدەنی لێدەکەوتەوە. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١١ داعەشی خستووەتە لیستی تیرۆر، ١٠ ملیۆن دۆلاریشی کردە خەڵات بۆ هەرکەسێ کە سەری بەغدادی بهێنێ.

کاتێ شەڕ لە سووریا پەرەی سەند بەغدادی دەرفەتێکی دیکەی بۆ قاعدە دۆزیەوە. لە جانیوەری ٢٠١٢ هەندێك چەکداری پیادەی نارد بەرەو سوریا بۆ دروستکردنی بەرەی نوسرە بە ئامانجی دامەرزاندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی.

لەو ساڵانەدا بەرەی نوسرە بە خۆڕاگریەوە دەسەڵاتی بەدەست هێنا، لە ئەپریلی ٢٠١٣ بەغدادی بڕیاری دا کە کاتی خۆیەتی و بەرەی نووسرە و قاعدە لە عێراق یەکبخات، بۆ فراوانکردنی جوگرافیای ڕێکخراوەکەی کە سنووری نەتەوەیی ناناسێت، بەڵکو داوای یەکخستنی تەواوی ئومەی ئیسلامی دەکات، لەژێر ڕۆشنایی شەریعەتی ئیسلامی، بەغدادی ڕایگەیاند کە پێویستە ناوی هەردوو لقەکە بە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بناسرێت.

دەشتاییەکانی ڕۆژهەڵات بووەتە ناوەندێکی گرینگ لە بیرۆکەی جیهادییەکان چونکە دڵی هەرێمەکەیە و نزیکە لە ئۆرشەلیم، بەڵام ڕێبەری بەرەی نوسرە محمد الجولاني، کە خەڵکی سوریایە، ئەم یەکخستنەی ڕەتکردەوە، لەوانەیە لەبەر ئەیمەن زەواهری، سەرۆکی ئەلقاعدە بێت کە ئەم ڕێککەوتنەی واژۆ نەکردووە، زەواهری دواتر دەستوری دا کە پێویستە هەردوو گروپەکە جیاواز لە یەکتری بمێننەوە، بەڵام ئەمە فەرمانێك بوو لە لایەن بەغدادییەوە پشتگوێ خرا.لەڕاستیدا، کاتێك داعەش و نوسرە زۆر ئامانجیان هاوبەشکرد، هەردوو لایەن داهاتێکی زۆر و مەشقێکی باشیان ئەنجام دا، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەش جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوانیاندا، بەرەی نوسرە زیاتر جەخت لەسەر شەڕ دژی ئەسەد دەکات، لە کاتێکدا داعەش جەخت لەسەر جێگیرکردنی شەریعەت دەکات لەو ناوچانەی کە کۆنترۆڵی کردوون.

بەرەی نوسرە هێمنانە سەرگەرمی ستراتیژی کۆکردنەوەی لایەنگری بۆ دەوڵەتی ئیسلامییە، لە کاتێکدا داعەش توندڕەو و بێبەزەییە، هێرشی دڕندانە دەکات و هەوڵ دەدات یەکسەر شەریعەت بچەسپێنێ، لەکاتێکدا بەرەی نوسرە ژمارەیەکی زۆر چەکداری بیانی هەبوو، بەڵام وەك کێشەیەکی نێوخۆی دەناسرا، لەکاتێکدا سورییەکان زۆرجار لەسەر سنورەکانەوە داعەش وەك داگیرکەری بیانی دەناسن لە وڵاتەکەیان.

داعەش لەسەر ئینتەرنێت خۆی وەك جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات، بەوجۆرەی کە باڵێکی سەربازی هەیە بۆ مەبەستی سیاسی بەکاری دەهێنێت بۆ دانانی بناغەی خەلافەتەکەی.

ئامانجی داعەش ڕووناکترە لە ئامانجی بەرەی نوسرە کە هێڵێکی بەهێزی داهاتی هەیە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی شەڕڤانە بیانییەکان. کەمپینەکانی کۆکردنەوەی پشتیوانی ماڵیی لە تویتەر لەلایەن کەسانێکی وەك شێخی کوەیتی حەجاج عەزمی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە زۆرترین هاوکارییەکانی داعەش لە وڵاتانی کەنداو بەدەستیان دەگەیەت، لەهەموو گەشتەکانمدا کە دەچووم بۆ شارە تورکییەکانی سەر سنووری تورکیا و سوریا، من شەڕڤانی بیانیم دەبینی کە بەرەو سوریا بۆ نێو ڕیزەکانی داعەش دەڕۆیشتن .

هەندێك لە لێکۆلەران هاوڕان لەسەر ئەوەی کە داعەش لە عێراقدا ڕێبەری سەرهەڵدانی سوننەکان دەکات. لەو ناوچانەی سوریا کە کۆنترۆڵی کردبوون، داعەش هەوڵی دا دەستی بگات بە خەڵکی ئەو ناوچانە، بۆ ئەم مەبەستە داعەش ڕۆژنامەیەکی لە باکوری سوریا بڵاودەکردەوە، دوای نوێژی هەینی ڕێوڕەسم و ڤیستیڤاڵەکانیان لە مەیدانی دێهاتەکان ساز دەدا، زۆرجار لەو ڤیستیڤاڵانە بەحەماسەوە دەردەکەوتن. لە ڕەقا گروپەکە چەسپیان دەدا لە پاسەکان بۆ ئەوەی بە ژنان بڵێن کە چۆن خۆیان بپۆشن، منداڵان جەختی تایبەتیان لەسەربوو.

جانتای مۆریان بەدیاری دەنارد بۆ کچانی ناوچەکانی نزیك دیمەشق کە بە دەست ئۆپۆزسیۆنەوە بوون، لەوێ گروپەکە بە هێواشی پاوانخوازی ئەنجام دەدا.

ئەو دەستەبەری خۆراکی دەکرد بۆ شارەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی، زۆرجار هەموو جۆرە یارمەتییەکی بڵاو دەکردەوە بۆ ئەوەی دانیشتووانی ئەو ناوچانە پشت بە داعەش ببەستن.

بەڵام دەسەڵاتی داعەش لەو ترسە سەرچاوە دەگرێت کە داوای دەکات و هەوڵی بۆ دەدات.

گروپەکە هیچ لێخۆشبوونێکیان لە بەرامبەر سەرپێچی سیاسیدا نییە. زۆربەی ئەو سوریانەی کە چاوم پێیان کەوت لەسەر سنوور، ئەوان بەترسەوە باسی کوشتنی دوو کوڕی منداڵیان دەکرد بەتاوانی کفر لەسەر دەستی داعەش. ڕفاندنی ڕۆژنامەوان و چالاکوانان بەربەستێکی لە بەردەم داعەش نەهێشت. گروپەکە مەزارگە شێعەکانیان دەتەقاندەوە، بەڵام نیگەرانی خۆیشی پیشان دا لەو بارە و کوژرانی خەڵکی مەدەنی سوننە لە پرۆسەکەدا. سەربڕینەکان ئاسایی بوونەوە. باوکە پاۆلۆ دال ئۆگلیۆ، کە قەشەیەکی ئیتالیە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ لە سوریە ژیاوە ، ئەو لەلایە داعەشەوە ڕفێنرا کاتێ سەردانی ڕەقای کرد، هاوکات لەگەڵ چەندین کەس تا ئێستاش بە بەندکراوی ماونەتەوە، وادەردەکەوێت کە داعەش دیلەکانی وەك گرنتییەك لە دژی هێرشەکان بەکارهێناوە.

زۆربەی سورییەکان سووکایەتی بە داعەش دەکەن، لە کاتی دامەرزاندنیەوە نارەزایەتی دژبە داعەش هەبووە لە ڕەقا، هەندێك جار ئەمە داعەش تووڕە دەکات.

هادی عەبدوڵلا، کەسایەتیەکی دیاری سوریە، ڕەخنەی لە گروپەکە گرتووە، ئەوانی بە (دەوڵەتی بەغدادی ) ناوبردووە، وەك چۆن ڕێژێمی سووریە بە دەوڵەتی ئەسەد ناو دەبەن .

هێشتا داعەش بەردەوامە لە چەکدارکردنی شەڕڤانانی سوری، هەندێ کەس دەڕۆنە نێو گروپەکە. چونکە پارەی باشتریان پێدەدات.

سەرچاوە:
www.warincontext.org




# ڕۆژهەڵات لە نیوان بەشداری پێکردن و دەستێوەرداندا

عارف وەڵزی

لە سەدەی ڕابردوودا یەکێك لە جوانییەکانی سروشتی سیاسی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە برگە جۆراوجۆرەکاندا و بە تایبەت لە سەردەمی کۆماری دیمۆکراتیکی کوردستاندا، کردنەوەی دەرگای سیاسی بووە بە ڕووی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان، نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم کرانەوەیەش بەشدارکردنی هێزی پێشمەرگەی باشووری کوردستان بە ڕێبەری نەمر مستەفا بارزانی و چوار ئەفسەرەکەی ئەرتەشی عێراق بە ناوەکانی خەیروڵلا عەبدولکەریم، موحەمەد قودسی، مستەفا خۆشناو و عیزەت عەبدولعەزیز و سەدان کەسی دیکە بوون کە بەداخەوە لە کاتی ڕووخانی کۆمار و دووای نواندنی بە دەیان فیداکاری و حەماسەی جۆراوجۆر، بارزانییەکان بەرەو یەکیەتی سۆڤییەتی ئەوکات چوون و چوار ئەفسەرە قارەمان و نیشتیمانپەروەرەکەی باشووریش بە ناچاری بەرەو خاکی عێراق گەڕانەوە و دوواتر لە لایەن دەسەڵاتی ئەوکاتی عێراقەوە بە تاوانی بەشداری لە کۆماری دێموکراتیکی کوردستاندا لە سێدارە دران.

سەرەڕای ئەوەش دەبینین کە دوای ڕووخانی کۆماریش، بەهۆی دڕندەیی ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بە گشتی، و ڕاوەدوونان و دەرکردن و ئاوارەبوونی کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەمیشە باوشی کوردستانی ڕۆژهەڵات و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی و لە سەرووی هەموویان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ خوشك و براکانیان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و بەتایبەت کەسایەتی و حیزب و ڕێکخراوە شۆڕشگێڕ و سیاسییەکان لە چەپەوە بگرە تا ڕاست و دێموکرات و ئیسلامییەکان کراوە بووە و بۆ پاراستنیان لە هیچ یارمەتییەکی مادی و مەعنەوی درێغیان نەکردووە و ئەوەندەی کرابێ پارووی سەر سفرەکەیان لەگەڵ بەش کردوون.

لێرەدا نامەوێ لەسەر ئەو خاڵە بوەستمەوە کە دوواتر کاتێك لە ڕۆژهەڵات و بزووتنەوە نەتەوەییەکەی لەگەڵ تەنگەژە بەرەوروو بوو، هەڵوێستی حیزب و لایەنی بەشەکانی دیکەی کوردستان لە بەرانبەر ئەو هەموو زەحمەت و بەشداری پێکردنانەی کوردستانی ڕۆژهەڵات چی و چۆن بووە. بەڵام دەمەوی ئەوەش شاراوە نەمێنێتەوە کە ئێستا کە نیزیك بە ٣٠ ساڵە پارتی کرێکارانی کوردستان کە لە باکوورەوە هاتووە و لە باکوور تا باشووری سنوورەکانی ڕۆژهەڵات ئەگەر نەڵێم داگیر کردووە دەڵێم گیرساوەتەوە و ئێستا و لەو دۆخەدا، لە جیاتی ئەوەی وەك حیزبی دێموکرات کە بە دەیان پێشمەرگەی خۆی بۆ پاراستنی گیانی گەریلاکانی پ ك ك لەسەر سنوورەکانی کوردستانی باکووری فیدا کردووە، بێت و ببێت بە پشت و پەنا بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و بە هاوکاریی هەمەلایەنەی خۆی پرسی کورد لەو پارچەیە بەرە پێش بەرێت، بەداخەوە بە پێچەوانە دێت و دەبێتە سنووڕپارێزی کۆماری ئیسلامی و ڕێگە لە هاتنەوەی هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات کە تاکە هیوای خەڵکی شۆڕشگێڕ و نەتەوەخوازی ڕۆژهەڵاتە دەگرێت و تەنانەت بۆ پاراستنی سنوورە دەستکردەکانی کۆماری ئیسلامی، دیترا کە بەداخەوە زۆر بە ئاسانی ڕووی لوولەی تفەنگەکانیان کردە برا پێشمەرگەکانیان و شەهید و بریندازیان کردن.

ئێستا لێرەدا کۆمەڵێك پرسیار دێنە گۆڕێ و ئەوش ئەوەن کە گەلۆ وەڵامی نیزیك بە ٣٠ ساڵ خزمەتی کوردی ڕۆژهەڵات بە ئامانجەکانی کورد لە باکوور ئاوا دەدرێتەوە؟ گەلۆ ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕۆژهەڵات «پ ك ك» دەبەخشێت؟ یا ئەم کارەساتەی کە پ ك ك خولقاندی و ئەم خوێنەی کە بە غەدر ڕژاندی، لەبیر دەکرێت؟ گەلۆ مانەوە و سنووڕپارێزی «پ ك ك» لە یەکەم ڕۆژەوە تاکوو ئێستا و هەروەها هاتووچۆ کردنی ڕۆژانەیان بەبێ بەربەست بە نێو شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵات کە لەلای کەس شاراوە نییە، لە پێناوی چی دایە؟

بەم پێیە ئاخۆ هەڵسووکەوتی سیاسی پ ك ك لە چەند ساڵی ڕابردوو و پێوەندی ئەو حیزبە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستاندا و هەڵنەکردنی لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی کورد، وەڵامی ئەم پرسیارانە و گەلێك پرسیاری تری هاوشێوە ناداتەوە؟ ماهییەتی ئەو حیزبەی بۆ گەلی کورد ڕوون نەکردەوە؟ و لە لایەکی دیکەوە هەر دووای هێرشی چەکدارانی ئەو حیزبە بۆ سەر پۆلێك لە پێشمەرگەکانی حیزبی دیمۆکرات و شەهید و بریندارکردنییان، جارێکی دیکە کوردستانی ڕۆژهەڵات پشتیوانی خۆیان بۆ بزووتنەوەی میللی دیمۆکراتیکی خۆیان لە ڕۆژهەڵات دووپات کردەوە و هاوکات تووڕەیی و بێزاری خۆیان لەهەمبەر سنووڕپارێزیی پ ك ك بۆ ئێران و ئەو هێرشە نارەوایەی کە لە ڕاستای بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامیدا خۆی دەنوێنی، دەربڕی و ڕایانگەیاند کە ئەوە پەڵەیەکی ڕەشە کە بۆ هەمیشە بە نێوچاوانی گرژی ئەو پارتەوە دەمێنێتەوە و ڕژاندنی خوێنی ئەو شەهید و بریندارانە لەبیر ناکرێن.

# داوی خەیانەت

**کانیاو**

بە چاوخشاندنیك بە سەر لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی ڕەوای نەتەوەیی کورددا، دەردەکەوێ کەم نین ئەو سەرکردە و ڕێبەرانەی بزاڤی نەتەوایەتی گەلی کورد، کە بە شێوەی فرت و فێڵ و لەسەر سفرەی خوانی خەیانەت، خوێنی سووریان لە پێناو مافی نەتەوایەتی گەلی کورد بە ناحەق ڕژاوە. تیرۆر کردنی ڕێبەر و سەرکردەکانی کورد ئەویش نە لە مەیدانی شەڕ و هێرشدا بەڵکوو لە سەر مێزی فرت و فێڵی وتوویژدا بۆتە نەریتێکی حاکمانی دەسەڵاتدار لە ئێراندا. ئەو شێوە پیلانگێڕییە بە درێژایی مێژوو و بە تایبەت لە سەردەمی ڕەشی قەجەرییەکان، پەهلەوییەکان و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پەنا شەڕ و کوشتار و قەڵاچۆکردنی خەڵکی کورد، وەك چەکێکی کاریگەر دژ بە نەتەوەی کورد کەڵکی لێ وەرگێراوە. هەر بۆیە دەسەڵاتدارانی حکوومەتی ناوەندیی ئێران بۆ گەیشتن بە ئامانجە دزێوەکانی خۆیان و سڕینەوەی بزاڤی میللی دێموکراتیکی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە هەموو جۆرە پیلانێك بۆ سەرکوتی ئەم بزاڤە کەڵکیان وەرگرتووە و بەکارهێنانی هەموو جۆرە پیلان و فرت و فێڵێکیان بۆ لەنێوبردن و کەپکردنی دەنگی ئازادیخوازانی نەتەوەی کورد و بە تایبەت بۆ لە نێوبردنی ڕێبەرانی کورد بە ڕەوا زانیوە. لێرەدا بە بۆنەی ساڵڤەگەڕی لەداوخستنی سمکۆی شکاك، بە کورتیش بێ هێما بۆ بەشێك لە پیلانی لەداوخستنی بە فرت و فێڵی خائینانەی دەسەڵاتدارانی ناوەندیی ئێران بە دژی سەرکردە و ڕێبەرانی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا دەکەین. پاش کوژرانی بە فرت و فێڵی جەعفەرئاغا، برای سمکۆی شکاك بە دەستی کاربەدەستانی قەجەر و مردنی محەممەدئاغای باوکی، سمایل ئاغا دەبێتە سەرۆکی هۆزی شکاك. سمکۆ چونکە سەرکردەیەکی دیار و ناسراو بوو و پێوەندی و تیکەڵاوی لەگەڵ بنەماڵەی شیخ عوبەیدوڵڵای شەمزیناندا هەبوو، توانی لە ساڵەکانی کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیی و بە کشانەوەی سوپای ڕووس لە ئێران بە هۆی سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبر، بە تایبەت لە ناوچەی ورمێ و پێکهاتنی بۆشایی دەسەڵات لەو ناوچەیە، بۆشایی دەسەڵات لەو ناوچەیە پڕبکاتەوە و وەکوو سەرکردەیەکی بە توانا و بەهێز خۆی دەربخات. سمکۆی شکاك بۆ کۆکردنەوەی هەموو پێکهاتەکانی دانیشتووانی ناوچەی ورمێ ڕایگەیاند کە ئەو وڵاتەی بە کوردستان دەناسرێ، نیشتمانی کورد و ئاسوری و نەتەوەکانی دیکەیە و دەبێ ئەو وڵاتە بۆ خۆمان بە دەستەوە بگرین و پێکەوە بژین. بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێران بە فرت و فێڵ لە هەلومەرجی ئاڵوزی ئەوکاتی ناوچەکەدا کە شەڕ لە نێوان تورك و ئەرمەنییەکاندا هەبوو، هاندەر دەبن بۆ کێشە چێکردن لە نێوان کورد و ئاسوورییەکان کە کوژرانی مارشیمۆنی لێدەکەوێتەوە. لە لایەکی دیکەوە ناکرێ باسی سمکۆ بکەین، بەڵام ئاوڕێك لە کار و چالاکی سیاسی و فەرهەنگی ئەو نەدەینەوە. سمکۆ شکاك هەوڵێکی زۆری داوە پێ بە پێی شۆڕشەکەی و بەرفراوان کردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی، لە بواری داڕشتنی بەرنامەی سیاسی و فەرهەنگیدا کار و چالاکی بەردەوام بکا. هەر بۆیە لە بیری ئەوەدا بوو کە بە هاوکاری عەبدولڕەزاق بەدرخان بەرنامەی سیاسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان داڕێژێت. هەر بۆ ئەم مەبەستە سمکۆ هەم پێوەندی بە شیخ عبدوالسلام بارزانی و هەم شیخ مەحموودی نەمر دەکا بۆ پشتیوانی و هاوکاری لەگەڵ بزوتنەوەی کورد بۆ دامەزراندنی حکوومەتی کوردی. هەروەها کردنەوەی یەکەم قوتابخانەی کوردی لە شاری خۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات و دامەزراندنی چاپخانە و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی ڕۆژی کورد بە سەرنوسەری مەلا محەممەد تورجانی لە شاری ورمێ بەرهەمی بیری نەتەوەیی سمکۆی شکاك بوو. سمکۆی شکاك پاش هەوڵدانێکی زۆر بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکان و پێوەندی کردن بە کاربەدەستانی ئێران بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، فەرماندەرانی ئەرتەش و بە تایبەت ڕەزاخانی مێر پێنج پەهلەوی» بەڵێنی دانووستان بە سمکۆی شکاك دەدەن. بەڵام بە دانانی پیلان و داوی خەیانەت، ناجوامێرانە لە شاری شنۆ کوشتیان. پیلانی کوشتنی سمکۆی شکاك بێجگە لە پیلانێکی ناجوامێرانە و دژە کورد، هیچی دیکە نییە و دربڕی هەمان پیلان و سیاسەتەکانی پێشووی کاربەدەستانی زاڵ بە سەر ئێراندایە. یەکێکی دیکە لەو سەرکردە کوردانەی کە لە سەر خوانێکی لە پێشدا ئامادەکراو و بە شێوەیەکی ناجوانمێرانە کوشتیان، باپیرئاغای مەنگوڕ بوو. ئەحمەدئاغای مووقەددەم حاکمی شاری مەراغە باپیرئاغای مەنگوڕ بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد بە هەزار سوارەوە بانگهێشتی ئەو شارە دەکا و هەر لەو شارە بە فرت و فێڵ کوژرا. هەمزەئاغای مەنگوڕ، سەرۆکی هۆزی مەنگوڕ و کەسایەتی خۆڕاگر و سوپاسالاری لەشکری شیخ عووبەیدووڵڵای نەهری، یەکێکی دیکە لەو سەرکردانەی کورد بوو کە بە فرت و فێل کوژرا. هەمزەئاغای مەنگوڕ پاش تێپەڕاندنی چەندین ساڵ زیندان لە ئیمپراتوری عوسمانی، گەڕایەوە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات و لە لایەن حاکمانی قەجەرەوە لێبوردنیشی بۆ دەرچووبوو تا بە ئاسوودەیی لە مەڵبەندی موکریان لە نێو خەڵك و هۆزەکەیدا دەرێژە بە ژیان بدات. بەڵام لە لایەن کەسێك بە ناوی ئەمیر نیزامی گەرووسی کە کەسێکی جێگای متمانە و باوەڕی دەرباری ناسرەدین شای قەجەر بوو، بەقەول و بەڵێنی درۆین و بە نووسینی نامە و وادەی حکوومەتی کوردستان و ساوجبلاغی موکری، لەداویان خست. لە ئاکامدا لە تاوڵەکەی خۆی لە لایەن بەکرێگیراوانی ئەمیر نیزامی گەرووسی دەدرێتە بەر گوللە و هەر لەوێ لەگەڵ هاوڕێکانی دەکوژرێن. پاش دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەو شێوە لەداوخستنەی ڕێبەرانی جووڵانەوەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەر درێژەی هەبووە و لەم ڕێگایەدا بە دەیان سەرکردە و سەدان کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات کەوتوونە داوی خەیانەتەوە و شەهید کراون. یەکیکی دیکە لە شەهیدانی داوی خەیانەت، مەلا ئاوارەیە. مەلا ئاوارە کادری شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕێکی حیزبی دێموکرات و لە هەمان کاتدا کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی بوو. خەڵکی ناوچەی سەردەشت زۆر جار کێشە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان دەبردە لای مەلا ئاوارە کە بۆیان چارەسەر بکا. دوژمن بۆ لەداوخستنی مەلا ئاوارە ڕاست لەو ڕێگایە کەڵك وەردەگرێ و لە کۆتایی مانگی جۆزەردانی ١٣٤٧ی هەتاوی بە هۆی چەند خوفرۆشەوە بە دیل دەگیرێ و لە بەرە بەیانی ١١ی خەرمانانی هەر ئەو ساڵە لە شاری سەردەشت گوللەباران دەکرێ. یەکێکی دیکە لە شەهیدانی داوی خەیانەت دوکتور عبدولڕەحمان قاسملووە. دوکتور قاسملوو کەسایەتیەکی ناسراوی جیهان، دیپلۆماتیکی شارەزا و لێهاتوو، ڕێبەرێکی ئاشتیخوازی نەتەوەی کورد و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران بوو. تاریك پرستان و پیاوکوژانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە بەرانبەر بزوتنەوەی مافخوازانەی نەتەوی کورد بە ڕێبەری حیزبەکەی قاسملوو دەستەوەستان بوون، پەنایان بۆ فرت و فێڵ برد و لە ڕێگای ئاشتی و وتوویژەوە پێغەمبەری ئاشتییان لە سەر مێزی وتویژ شەهید کرد. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خەیاڵی دەکرد بە تیرۆر کردنی دوکتور قاسملوو کۆتایی بە حیزبی ڕێبەری بزوتنەوەی میللی دێموکراتیك خەڵکی کورد دێنی، بەڵام کاتێك دوکتور سەعید شەرەفکەندی، ئەو خەباتگێڕە ڕاستەقینەی دێموکرات و ئەو جێگرە لێوەشاوەی شەهید دوکتور قاسملوو، گیانێکی نوێی بە بەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کردەوە و پەردەی بێ هیوایی دڕی و نەیهێشت بێ قاسملوویی بە حیزبەوە دیار بێ، هاتن بە بڕیارێکی نامرۆڤانە و بە کردارێکی جینایەتکارانە لە وڵاتێکی دێموکراتیکدا بە شەهید کردنی دوکتور سەعید مۆرکێکی دیکەی ریسواییان بە نێوچاوانی ڕەش و پڕ لە غەدر و جینایەتی خۆیانەوە نا. بەڵام دەسەڵاتدارانی ناوەندیی ئێران دەبێ ئەوە باش بزانن کە بە شەهید کردنی هەر ڕێبەر و سەرکردەیەکی نەتەوەی کورد، خەبات بۆ مافی ڕەوای کورد هەر درێژەی هەیە و لە داهاتووشدا بەردەوام دەبێ و هەر بۆیە تا هەنووکەش ئاڵای بزاڤی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات سەرەڕای ئەو هەموو غەدر و جینایەتە تا سەرکەوتنی یەکجاری هەر دەشەکێتەوە.



# قەیرانی سیاسی تورکیە، شکستی حیزبی دەسەڵاتدار و کارتێکەرییەکانی

**برایم قاسمی ڕاد**

**و:کوردستان**




لە ماوەی ئەم ١٣ ساڵەی دواییدا کە حیزبی داد و گەشەپێدان بە ڕێبەری ڕەجەب تەیب ئەردۆغان جڵەوی دەسەڵاتی بە دەستەوە بووە، ئەو حیزبە توانی تورکیە، لە سێبەری میلیتاریزمەوە کە لە ساڵی ١٩٢٤وە دەسەڵاتی ڕەهای سیاسی لە دەست دا بووە ڕزگار بکا و پاشەکشەی بە نیزامییەکان کرد کە بۆ پادگانەکان بگەڕێنەوە. ئەو حیزبە هەروەها توانی لانیکەمی بوژانەوەیەکی ئابووریی دەستەبەر بکا. دەسپێکی پرۆسەی ئاشتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و وتوویژ لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان و ڕێبەری زیندانی کراوی ئەو پارتە، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، یەکیکی دیکە لە هەنگاوە بوێرانەکانی ئەو قوناغە بوو. حیزبی داد و گەشەپێدان ئەو کردەوانەی بۆ هێنانەدیِ حکوومەتی ئیسلامی و لاوازکردنی سێکولاریزم کە وردە وردە لە نێوان چەپەکان و توێژی لیبراڵ پەراوێخراو لە تورکیە بە ئەژمار دەکرد. لە لایەکی دیکەوە حیزبی داد و گەشەپێدان بە هۆی ئاژاوە و ئاڵوزی، لەگەڵ فەتحوڵڵا گولەن ڕێبەری دوورخراوەی مەزهەبی، بەشێك لە ئەندامانی خۆی لە دەستدا. هۆکارەکانی دیکەی ئەو لاوازییەی ئەو حیزبە دەتوانین بەمجۆرە کورت کەینەوە: بە ئەگەری زۆرەوە گرینگترین هۆکارەکانی شکستی حیزبی داد و گەشەپێدان پاش ١٣ ساڵ لە هەڵبژاردنی پارلمانی ڕۆژی٧ی مانگی ژوەنی ئەمساڵ، گۆڕینی ڕەوتی پرۆسەکە بوو کە دامەزرینەری ئەو حیزبە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لەو ساڵانەی دوایی لە پێش گرتبوو. ئەو بەو لە خۆبایبوونە کە لە ماوەی دەسەڵاتداری حیزبەکەی دووچاری ببوو و ڕەوتی دابەزینی خۆشەویستی حیزبەکەی پاش کۆتایی هەڵبژاردنی سەرکۆماری، دەست پێکرد. دەتوانین ئەوەش زیاد بکەین کە قەیرانی نێوخۆیی و بێ ڕێکار هێشتنەوەی پرۆسەی ئاشتی و وتوویژ لەگەڵ کوردەکان، قەیرانی نوێی ئابووریی لە کاتی ئاشکرا بوونی گەندەڵی ماڵیی کاربەدەستانی دەوڵەت، پشتیوانی ڕەمەکی لە شەڕی توندڕەوەکانی ئیسلامی»داعش» لەگەڵ هێزەکانی سووریە و بە تایبەت هێزە کوردییەکان، سیاسەتی ناواقیعی دەرەوە و نێوخۆیی تورکیە لەگەڵ وڵاتانی جیران و خولیای زیندووکردنەوەی ئیمپراتووریەتی عوسمانی لە ساڵڤەگەڕەی سەدساڵەی هەڵوەشانەوەی ئەو حکوومەتەدا، دەتوانین وەکوو گرینگترین هۆکارەکانی لاوازی سیاسی حیزبی دەسەڵاتداریی حاکم دەسنیشانی بکەین. هەروەها سنووردار کردنی ئازادییە سەرەکی و بنەڕەتییەکان، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، بەڕێوەبردنی سیاستی دەزگای دادوەری و بەڕێوەبردنی ڕاگەیانە گشتییەکان، ڕۆڵی گرینگی لە شکستی حیزبی داد و گەشەپێداندا هەبووە. لە لایەکی دیکەوە هێمای دەمیرتاش بۆ کێشە ئابوورییەکان، دروشمی ئارمانگەرایی حیزبەکەی بۆ باشترکردنی دۆخی کۆمەڵایەتی و دۆستایەتی گەلان، نزیکایەتی لەگەڵ توخمە نەتەوەیی و ئایینزاکانی دیکە و دروشم گەلێك بۆ ڕاکێشانی چەپگەراکان و نەیاران و دژبەرانی ئەردۆغان، سازکردنی بەستێنی بەرابەری بۆ مافەکانی ژنان، ژینگەپاریزی و... پارتی دێموکراتیکی گەلانی بە هیوایەك بۆ داهاتوو نواند و ئاستی دەنگەکانی گەیاندە ١٣ لە سەد. ئەم پرسە کاریگەرییەکی ڕێژەی لە دابەزینی ئەردۆغان و حیزبەکەیدا هەبوو. حیزبی داد و گەشەپێدان کە لە خولی پێشوودا نزیك بە٥٠ لەسەدی دەنگەکانی بەدەست هێنابوو، توانیبووی بەو وادانەی کە دابوونی لە خولەکانی پێشوودا بە کردەیی بکات. ئەو حیزبە لە ناوچەکانی کوردستان باسی برایەتیی کورد و تورکی دەکرد و هێنانە بەر باسی کێشەی کورد، خۆی بە لایەنگری چارەسەری پرسی کورد دەناساند. بەڵام لە دەرەوەی کوردستانی تورکیەدا ئەردۆغان کێشەی کوردی چارەسەر کراو و یان کەمڕەنگ پیشان دەدا. ناوبراو سەرکوت و زیندانی کردنی لاوانی کوردستان و کوشتاری منداڵان و ژنانی بە خەبات دژ بە تیرۆریزم ناوزەد دەکرد. خەڵکی کوردستانی باکوور ئەوجارە بە یەکدەنگی و یەکگرتوویی بە سیاسەتەکانی ئەو حیزبە»نا»یان وت و بە لێڕوانینێکی دیکە توانییان هێز و پوتانسیەلی خۆیان بە دەسەڵاتدارانی تورکیە نیشان بدەن. حیزبی داد و گەشەپێدان بە لەدەست دانی دەنگی خەڵکی کوردستان کە زیاتر لە ١٠ لە سەدی دەنگەکانی ئەو حیزبە بوو، ئەوجار نەیتوانی خۆی وەك تاقانە مەیدانداری گۆڕەپانەکە نیشان بدا. هەر بۆیە بۆ پێکهێنانی دەوڵەت پێویستی بە هاوپەیمانی یەکێك لەو سێ حیزبەی براوەی نێو پارلمان هەیە. ئەم چوار حیزبە، چوار فاکتەرن کە دژایەتییەکی بنەڕەتییان لە گەڵ یەکتر هەیە و دوور لە چاوەڕوانییە کە بۆ پێکهێنانی دەوڵەت واز لە پرینسیپە حیزبییەکانیان بێنن. کەوا بوو لە نەبوونی هاوکاری ئەو حیزبانە وڵاتی تورکیە لەگەڵ قەیرانی سیاسی و ئابووری جیددی بەرەوڕوو دەبێت و لە ئاکامدا هەر یەك لەو حیزبە ناوبراوانە لەم پێوەندییەدا یەکتر تۆمەتبار دەکەن. تورکیەش وەك زۆربەی وڵاتانی ناوچە لە نەتەوەکان، گرووپی ئیتنیکی و ئایینزای جۆراوجۆر پێکهاتووە. کەوابوو تورکیەیش وەکوو سەرجەم وڵاتانی ناوچە خەساروەرگرە. ئەگەر ئەو وڵاتە زیاتر لەوە مافی کەمایەتییە نەتەوەییەکان، ئایینی و ئیتنیکییەکان پێشێل بکات و لە بەرچاویان نەگرێ، دوور لە چاوەڕوانی نییە کە لە داهاتوودا تووشی شەڕی نێوخویی و بشێویی ببێت. ئاڵوزییەك کە دووکەڵەکەی هەموو وڵات و ئەمنییەتی ناوچەکەش دەگرێتەوە. کەوابوو بە قازانجی هەموو خەڵك و بە تایبەت حیزبەکانی ئەو وڵاتەیە کە دەسەڵاتدارانی ئانکارا بە هەستیاریی و بەرپرسیارەتییەوە لەگەڵ کێشەکان هەڵسوکەوت بکەن. مافە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان و مافە مرۆییەکانی هەموو باڵەکانی کۆمەڵگا لە بەر چاو بگرن و لەپێناو دەسبەربوونیاندا هەنگاوی کردەکی هەڵبگرن.

# وتووێژی تۆڕی میدیایی ڕووداو لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**ڕووداو: سەفەری ئێوە بۆ واشینگتۆن سەفەرێکی فەرمییە؟ ئامانج لەم سەفەرە چییە؟**

**مستەفا هیجری:** من لەسەر بڕیاری خۆم سەفەرم کردووە بۆ ئامریکا و پێشتریش ئەم کارەم کردووە، ئەمجارە بە هۆکاری دۆخی تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شەڕی داعش و دانوستانە ناوەکییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەگەڵ ڕێژیمی ئێران هاتوومەتە ئامریکا و مەبەستم لەم سەفەرە و ئەم خولە چالاکییە دیپلۆماتیکییە ئەوەیە کە خاڵە نێگەتیڤەکانی ئەو ڕێکەوتنە بۆ کوردەکان بە ئامریکاییەکان ڕابگەیەنم.

**ڕووداو: لەگەڵ ئەندامانی کونگرەی ئامریکا و سێناتۆرەکانی ئەو وڵاتە لە بارەی چییەوە قسەتان کرد؟**

**مستەفا هیجری:** من بەوانم ڕاگەیاند کە ڕێکەوتن لەگەڵ ڕێژیمی ئێران بە مەرجی پێشگرتن لە دروستکردنی چەکی ناوەکی لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە، ڕێکەوتنێکی خراپ نییە و بۆ دابین بوونی ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکە باش دەبێت. بەڵام خاڵی نێگەتیڤی ڕێکەوتنی ناوەکی، وەك لابردنی گەمارۆ ئابوورییەکان بۆ ئێمە زۆر گرینگە، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێژیمی ئێران داهاتێکی زۆری دەست بکەوێت و دەبێتە هۆی بە هێزبوونی ئەم وڵاتە لە ناوچەدا. ڕێژیمی ئێران بە لابردنی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئامریکا دەستی ئاوەڵاتر دەبێت و بە هاوپەیمانەکانی وەك ڕێژیمی بەشار ئەسەد، حیزبوڵڵای لوبنان و حووسییەکانی یەمەن یارمەتییەکی زۆرتر دەکات. هۆکارێکی دیکە داعشە. ئوباما وتوویەتی، ئێران و ئامریکا خاڵی هاوبەشییان هەیە، بەڵام ئێران لەگەڵ داعش شەڕ ناکات، ڕێژیمی ئێران بۆ بەکارهێنانی داعش بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی، دەیهەوێت ئەو گرووپە تێرۆریستییە بەهێز بکات. من بەپێی کۆمەڵێك زانیاری باوەڕپێکراوە کە لە نێوخۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بەدەستی ئێمە گەیشتوون، باس لە بەهێزکردنی داعش لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە دەکەم. ڕووخانی مووسڵ و ڕۆمادیٚ دوو شتن کە سەلمێنەری بەهێزکردن و پشتیوانیی ڕێژیمی ئیسلامی لە گرووپی داعش.

**ڕووداو: ئێوە دڵنیان کە داگیرکردنی مووسڵ و ڕۆمادیٚ پلانی ڕێژیمی ئێران بووە؟**

**مستەفا هیجری:** بەڵێ، بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە بەر دەستدان پلانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ داگیرکردنی ڕۆمادیٚ و مووسڵ لەلایەن گرووپی تیرۆریستیی داعشەوە جێبەجیٚ کراوە. ئەگەر بە درۆشمەکانی گرووپی داعش سەرنجتان دابێت، دژی شیعەن، بەڵام هێرش ناکاتە سەر ناوچە شیعەنشینەکان. کاتێك کە داعش مووسڵی داگیر کرد هەموو چاوەڕوانی ئەوە بوون کە داعش هێرش بکاتە سەر بەغداد بەڵام گرووپی داعش ڕووی شەڕەکەی لە سنوورەکانی کوردستان کرد، چونکە ڕێژیمی ئێران ئەمەی دەویست. ڕێژیمی ئێران دەیهەوێت شارستانیەت، شوناس، هونەر و فەرهەنگی عێراق لەنێو ببات. جگە لەوە ڕێژیمی ئێران دەیهەوێت عێراق بکات بە ئێرانێکی دیکە، ڕێژیمی ئێران دەیهەوێت دڵنیا بێت کە عێراق لە ژێر کۆنترۆڵی ئەو دایە، ڕێژیمی ئێران لەلایەکەوە هێرشەکانی گرووپی داعش بۆ سنوورەکانی کوردستان ڕادەکێشێت و لە لایەکی دیکەشەوە دەڵێت، هاتووین یارمەتیتان بدەین. بەداخەوە ڕۆژئاوا ئاگاداری سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێران لە ناوچەکەدا نییە و دەمانهەوێت ئەو زانیارییانە بە دنیای ڕۆژئاوا ڕابگەینین.

**ڕووداو: ئێوە دەڵێن ئامانجەکانی ڕێژیمی ئێران لە دەستێوەردان لە عێراق تەنیا سیاسی و سەربازیی نین و بە لەنێو بردنی فەرهەنگ و شارستانیەتی عێراق، هەدەفی فەرهەنگیشی هەیە؟**

**مستەفا هیجری:** بە دڵنیاییەوە ئامانجەکانی ڕێژیمی ئێران درێژ خایەنن، دەیهەوێت لە داهاتوودا کاریگەر و نفووزی لە عێراقدا بمێنێت و ئەمە بە لە ناوبردنی فەرهەنگ و شارستانیەتی عێراق ڕوو دەدادت. ئەم سیاسەتەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران تەنیا لە عێراق نییە و لە سووریە و یەمەن و هەر شوێنێکی دیکەیش کە بتوانێت، جێبەجیٚ دەکرێت.

**ڕووداو: ڕێکەوتنی ناوەکی لەگەڵ ڕێژیمی ئێران چ کاریگەرییەکی نێگەتیڤ لە سەر پرسی نەتەوەیی کورد دادەنێت؟**

**مستەفا هیجری:** ئێمە ئەم مەترسییەمان بینیوە و بە بەرپرسانی ئامریکاییمان ڕاگەیاندووە کە ڕێکەوتنی ناوەکی دەتوانێت پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران بخاتە پەراوێزەوە. نیگەرانی ئەوەین کە ئامریکا پاش ڕێکەوتن چیدیکە سەرنج نەداتە توندوتیژییەکانی ڕێژیمی ئێران لەو وڵاتە. ئێران بە پێی گەمارۆ ئابوورییەکان ناتوانێت چەك بفرۆشێت بەڵام لەو ماوەیەدا لانیکەم ١٠ میلیارد دۆلار چەکوچۆڵی بە عێراق فرۆشتووە. چەکدارکردن و پڕچەككردنی گرووپەکان لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە پرسێکی دیکەیە کە ئامریکا لەبەر دانوستانە ناوەکییەکان لەبەرچاوی نەگرتووە. لابردنی گەمارۆ ئابوورییەکان هیچ بەرژەوەندییەکی بۆ خەڵك نییە و هەموو داهاتەکە بۆ وەدیهاتنی ئامانجە سیاسییەکانی ڕێژیم لە ناوچەکە تەرخان دەکرێت.

**ڕووداو: هەڵوێستی ئامریکا لەبارەی ڕووداوەکەی مەهابادەوە جێگای ڕەزامەندی بوو؟**

**مستەفا هیجری:** ئامریکا هیچ هەڵوێستێکی لەبارەی ناڕەزایەتییەکانی مەهابادەوە نەبوو. سەدان کورد ئێستا لە زیندانن و خراونەتە ژێر ئەشکەنجە. ڕێژیمی ئێران دەیهەوێت ئەو بەندکراوانە بە توندی سزا بدات تاکوو بەو شێوەیە خەڵك بترسێنێت.

**ڕووداو: کاناڵێکی پێوەندی بۆ وتووێژ و دانوستاندنتان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران بۆ گەییشتن بە ڕێکەوتنێکی سیاسی لەگەڵ ئەو ڕێژیمە لەسەر دۆزی کورد هەیە؟**

**مستەفا هیجری:** ئێمە لەگەڵ ڕێژیمی ئێران هیچ پێوەندییەکمان نییە و پێم وانییە ڕێژیمی ئێران هەنگاوێك بۆ نەتەوەکان و کەمینە ئایینییەکان هەڵبگرێت. ڕێژیمی ئێران باوەڕی بە مافی کەمینە ئایینییەکان و کوردەکان نییە. ئێمە بەو ڕاستییە گەیشتووین کە دانوستان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران بێهوودەیە. هۆکارەکەشی ئەوە نییە کە ئێمە باوەڕمان بە دانوستان نییە بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە ڕێژیمی ئێران باوەڕی بە وتووێژ و دیالۆگ نییە. دوکتور قاسملوومان کاتێك لە دەستدا کە دەمانهەویست لەگەڵ ڕێژیمی ئێران لە ڤییەن دانوستان بکەین و دوکتور قاسملوویان شەهید کرد.

**ڕووداو: بارودۆخی کۆمەڵایەتی-سیاسیی کوردەکان لە کاتی هاتنە سەرکاری «ڕووحانی»یەوە باشتر بووە؟**

**مستەفا هیجری:** پێویستە لێرەدا بڵێم کە مەسەلەی گۆڕینی کاربەدەستان لە ئێران ڕواڵەتییە. کەسانێك کە ئێران هەڵدەبژێردرێن یەك ئایدیۆلۆژییان هەیە. بەڵێنەکانیان بۆ کاتی هەڵبژاردن و هێنانی خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدانە بەڵام هیچ کام لە بەڵێنییەکانیان ناچنە بواری جێبەجیٚکرانەوە.

**ڕووداو: دەتانهەوێت خەباتی چەکداری بە دژی ڕێژیمی ئێران دەست پیٚ بکەنەوە؟**

**مستەفا هیجری:** دەمانهەوێت تێکۆشانی خۆمان لە ڕێگەی پێشمەرگەکانمانەوە پەرە پێبدەین. ئێمە نامانەوێت بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران شەڕ بکەین، بەڵام دەمانەوێت پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە خاکی ئێران بوونیان هەبێت و لەگەڵ خەڵکی کوردستان پێوەندییان هەبێت. بەڵام ئەگەر ڕێژیمی ئێران هێرش بکاتە سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، سروشتییە کە ئەمانیش لە خۆیان بەرگری بکەن.

**ڕووداو: خەباتی چەکداریی ئێوە، بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان کێشەی دیپلۆماتیکی بە دواوە نابێت؟**

**مستەفا هیجری:** ئەگەری هەیە کە ڕێژیمی ئێران حکوومەتی هەرێمی کوردستان بخاتە ژێر گوشارەوە. ئێمە لە مێژە کە خەباتی چەکداریی خۆمان بەهۆی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان ڕاگرتووە. بەڵام ناتوانین بۆ هەمیشە وابین و خەباتی چەکداری وەلابنێین. پێم وایە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کۆمەڵێك کێشە بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکات، بەڵام ئەگەر حیزبە سیاسییەکانی کوردستان هاودەنگ بن دەتوانن لە دروستبوونی هەر چەشنە کێشەیەك بۆ حکوومەتی هەرێم لە لایەن ڕێژیمی تارانەوە پێشگیری بکەن.



## جووت حەوت

### هەوراز

قەولمان بە خۆمان و بە گەل دابوو کە لەمە بە دواوە لە کوولەکەی تەڕیشدا باسی هیچ حاجی بازاڕییەکی فەیلەسووف و هیچ موهەندیسێکی جنێوفرۆش (ببوورن! کولێرەفرۆش) نەکەین، بەڵام مەگەر تەنزنووسێکی سیاسی، چەند ساڵ جارێك هەلی وای دەست دەکەوێت کە نەفەرێك بێت و هەموو ئەو مواسفاتەی تێکڕا لە خۆیدا کۆ کردبێتەوە و بێتە قسان. ئێمە لە تەشقی ئاسمانی حەوتەم بە تێلێسکۆپ بۆی دەگەڕاین کەچی لە سەر عەردی و نەك بە میکرۆسکۆپ و تەنانەت نەك بە زەڕڕەبین، بەلکوو بە چاوی غەیرە موسەللەح چاومان بە دیداری ئەم دیاردە دزێوە سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ـ ڕۆشنبیرییە ڕۆشن بووەوە و لە شاشەی شووشەیی دەرکەوت. جاریٚ هەر لە سەریٚ ڕا، هێشتا مەجلیس گەرم نەببوو کە ڕوو لە لایەنێکی سیاسی فەرمووی: «ئەنگۆ نوێنەری حوکمەتی هەرێمن؟ ئادەی وانێکەکەتان دەربێنن بزانم». لێرەدا بوو کە خالۆ حەمە سەعی قەساب قەپی کرد بە دەستی خۆیا و وتی: «ئەی هاوار! بە خوا ئەمڕۆ حاجی باشی لیٚ ناڵیٚ، خوا ئاخری بە خێر کا». بەڵام هێشتا شابەیتی قەسیدە مابوو.

شابەیتی قەسیدەی حاجی ئاغا، زانیارییەکانی لە بواری مێژوو و سیاسەتدا بوون، بۆ نموونە کاتێك کە فەرمووی: «لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩) دوو هێز ساز بوو، یەکێتی (١٩٧٥) و پارتی (١٩٤٦)، هەر لەو سەردەمەدا پەکەکە (١٩٧٧) هەبوو، دوایە کۆمەڵە (١٩٦٩) هات، دواتر دێموکرات (١٩٤٥) پەیدا بوو».

لە بواری نیزامیدا زانیارییەکانی حاجی ئاغا دەبیٚ بکرێنە ناميلکە و تێزی دوکتۆرا کاتێك کە دەڵیٚ: «حیزبەکانی دیکە قوونی شەڕیان نەبوو» کە وادیارە لە ڕوانگەی بەڕێزییەوە گرینگترین فاکتەر بۆ سەرکەوتن لە شەڕدا نە فیشەك و چەکی سووك و قورس و نە هێزی مرۆیی و پلان و ئیرادەی سەرکەوتن و شارەزایی و ئازایەتی و نە دابینکردنی لۆجێستیکی، بەڵکوو لە یەك کەلامدا «قوونە»، ئەوەی هەیبیٚ سەردەکەویٚ و ئەوەی نەیبیٚ دەچیٚ لە ئاڵمان پیتزافرۆشی دادەنیٚ.

لە بواری دیپلۆماتیکدا نەیارانی خۆی جارێك بە ئەسپ و هێستر و «هەرەکە (لای ئێمە بە گوێدرێژەکە دەڵێن)» دەشوبهێنیٚ، جارێك بە کاوێژکردن تۆمەتباریان دەکات، جارێك کێشەی نێوان لایەنەکان وا لێك دەداتەوە کە دەڵیٚ: «سەگ خاوەنی خۆی ناناسێت». پیاو تووشی گومان دەبێت کە گەلۆ ئەم برادەرە بە ڕاستی موهەندیسە و لە پیتزافرۆشییەکدا لە ئاڵمان کار دەکات، یان ئاژەڵبازێکە کە لە هەمزاوای سوفلا دەژی و جارجار لە ڕادیۆ ژەنگاوییەکەی ماڵی کوێخا هەواڵی سیاسیش گویٚ دەدات.

لە بواری ناسینی هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەدا هێندەی لیٚ دەزانیٚ کە فەتحعەلیشای قاجار لە ئینستاگرام و فەیسبووك دەیزانی. بۆیە لێی دەبیستین کە بۆ نموونە، ئێران و تورکیە و پارتی و حیزبی دێموکرات و ئیسراییل و ئەمریکا و داعش و عەرەبستان و ژەنەراڵ سیسی پیلانێکی هاوبەش یان کۆمپلۆیەکیان بۆ تێکدانی وەزعی ئێمە بە دەستەوەیە. هەڵبەت دەیهەویست ناوی ئاڵمانیش لەو هاوپەیمانییەدا بێنیٚ، بەڵام ترسا وەزارەتی بێهداشتی ئەو وڵاتە درگای دووکانەکەی لیٚ قەپات بکەن، بۆیە ناوی ئاڵمانیشی وەك بیرۆکەی دەوڵەتی نەتەوەیی فریٚ دایە نێو کەنەکە (ببوورن! تەنەکە).

ـ بڕیار بوو یارییەکانی والیباڵی لیگی جیهانی لە تاران ببنە خاڵی یەکلاکەرەوە بۆ ئامادەبوونی هاندەرانی ژن لە ستادیۆمدا، بەڵام پاش هەڕەشەی «ئینزجار ئامیز»ی حیزبوڵڵا لە رووحانی و دەروێشەکانی، نەك هەر ژنان لە پیلانی سەهیۆنیستی ـ ئەمریکایی «چوون بۆ ستادیۆم» ڕزگاریان بوو، بەڵکوو ئەگەری ئەوەش هەیە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا کێشەی ئاژووتنی ماشێن لە لایەن ژنانیشەوە بە شێوەی خەلافەتی ئیسلامی چارەسەر بکرێت. ئەگەریش نەکرا، ژنان بۆیان هەیە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەنگ بدەنەوە بە ڕۆحانی بۆ ئەوەی کە ئەحمەدی خاتەمی لە گووڕان، سانتریفیووژەکان لە سووڕان، ئاغای زەریف لە گەڕان و کۆماری ئیسلامی لە دۆڕان بکەون و دواتر تەحریمەکان لابچن، پاشان ژنان بکەونە بەر ڕەئفەتی ئیسلامی و چوار ساڵی دیکەش بە کێشانی «ئالای سیٚ ڕەنگی دووپشك نیشان» لە سەر کوڵمیان و شەکاندنی پەڕۆیەکی وەنەوشەیی داوا بکەن با ڕۆحانی یارمەتییان بدات بۆ ئەوەی لە ماڵی خۆیان مافی گوێز شکاندن و سەوزی پاککردنیان هەبێت و بڵێین «موچەکریم ڕۆحانی».

# یادێک لە مامۆستا ئەحمەدی قازی

د. ڕەحیم سورخی




مامۆستا ئەحمەدی قازی لەساڵی (١٣١٥ی هەتاوی/١٩٣٦ی زایینی) لە گوندی «قازی ئاوا»چاوی بەدوونیا هەڵێنا. سەردەمێك كە سەرەتای جەنگی یەكەمی جیهانی و لەق بوونی دەسەڵاتی ناوەندی لە ئێران و جموجۆڵی نەتەوەخوازی كورد و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو.

كاتێك كە كۆماری كوردستان دامەزرا، مامۆستا ئەحمەدی قازی لە تەمەنی مێرمنداڵیدا بوو. فەرموودەیەكی پێشەوای مەزن لە كاتێكدا كە دەستی بەسەریدادێنا بەردەوام لەگوێدا بوو:«دەبێ باش بخوێنی،ئەو نیشتیمانە پێویستی بە خوێندن و خۆماندووكردنە». ئەم فەرموودەیەی پێشەوا و جۆش و خرۆشی خەڵكی مەهاباد وەك پێتەختی كۆماری كوردستان بۆ سەربەستیی و ئازادی و خۆبەڕێوەبەری لەوسەر و بەندەدا، بوون بە بناغەی هەستی بەرپرسیارێتی بەرانبەر بە نیشتمانەكەی و خوێندن و خۆ پێگەیاندنی لە دوارۆژەكانی تەمەنیدا.

تەمەنی كورتی كۆماری كوردستان بۆ قۆناغی دەڵەمەیی كەسایەتی منداڵیی ئەحمەدی قازی و هاوتەمەنەكانی و دابڕانی دەستی مێهرەبانی پێشەوا لە سەر سەریان، بۆشاییەكی گەورەی دڵی هەموو ئەو نەسلە بوو. نازلێشێوانی منداڵانی هاوتەمەنی و لەدەستچوونی كۆمەڵێك سەروەری نەتەوەیی و تاكەكەسی بوو. ئەو قوتابخانانەی بەزمانی كوردی كرابوونەوە و بەسرودی نیشتیمانی «خوایە وەتەن ئاوا كەی» و «ئەی ڕەقیب» دەستیان بەخوێندن دەكرد، داخران. ئەمەش بۆشاییەكی دیكەی مەعریفی و ناسنامەیی بوو كە لەمێشكی ئەو نەسلەدا دروست بوو. ئەمانە هەموو وایان كرد كە ئەم نەسلە نەسلی داگیرساندنەوە و هەڵگرتنی ئەو مەشخەڵە بن كە نەسلی پێشەوا دایانگیرساندبوو. خەم و خولیای ئەم مێرمنداڵانە و لاوانی دیكەی تازەپێگەیشتوو، ئەوە بوو كە ئەو كەلێن و بۆشاییە سۆزداری، مەعریفی و ناسنامەییانە پڕبكەنەوە.

وەدیهێنانی ئەم خولیایە و داگیرساندنەوەی مەشخەڵی ئازادی هێندە سوك و سانا نەبوو، هاوكاتبوو لەگەڵ چەسپاندن و سەقامگیركردنی دەسەڵاتی ملهوڕ و سەرەڕۆی پاشایەتی لە تاران كە حاشاكردن لە فرەیی نەتەوە، زمان و جیاوازییەكان لە سیاسەتە بنەڕەتییەكانی بوو. بەگژداچوونەوەی ڕێژیمێكی ئاوا خۆڕێكخستن و خۆپێگەیاندنێكی نوێی دەویست. هەربۆیە، بۆ مامۆستا ئەحمەدی قازی و هاوتەمەنەكانی و نەسلەكەی وەدیهێنانی فەرموودەی پێشەواكەیان و بەردەوام بوون لەخوێندن و خۆ پێگەیاندن هەرچەند بەزمانی دایكیش نەبوو، لەهەمووشت گرنگتر بوو.

مامۆستا قازی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندیی و دواناوەندیی لە مەهاباد و تەورێز تەواوكرد و پاشان بۆ خوێندنی زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزی چووە تاران و لە زانكۆی تاران بڕوانامەی لیسانسی بەدەستهێنا.

كورد بوون، زەمینەی مێژوویی ژیانی لە سەردەمی كۆماری كوردستان ، باری ڕۆشنبیریی و فەرهەنگی تەورێز و خوێندنی لە زانكۆی لەتاران و تێكەڵاویی لەگەڵ بزوتنەوە خوێندكارییەكانی ئەو كاتە، هاندەرێكی باش بوون بۆسەرهەڵدانەوەی خولیاكانی وشرینی بیرەوەرییەكانی لە سەردەمی كۆماری كوردستان. لەئەنجامدا پێوەندیی بە هاوڕێبازەكانی پێشەوا لە حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێرانەوە كرد و وەك ئەندامێكی چالاكی ئەو حیزبە لە ناوخۆ یەكێك لەو كەسانەبوو كە لەكاتی شۆڕشی ئەوكاتەی كورد لەباشوور یارمەتیی دارایی و دەرمانییان بۆ براكانیان لە باشووری نیشتمان كۆدەكردەوە و ڕەوانەیان دەكرد.

هەر لەسەر ئەو پێوەندییانە بوو كە لەكۆتایی دەیەی ٤٠ی هەتاوی و كۆتایی ٦٠ی زایینی لەلایەنی ساواكەوە گیرا و بە چوارساڵ زیندان حوكم درا. كاك ئەحمەدی قازی لە بەندیخانەش لە خەبات نەوەستا، وانەی زمانی ئینگلیزی بە هاوبەندییەكانی دەگوتەوە. یەك لەو هاوبەندییانەی « ئەحمەدی سەمیعی»، سەرۆكی ئەوكاتی لقی لاوانی حیزبی تودەی ئێران بوو. بە وتەی خودی دكتۆر سەمیعی كە بۆی گێڕامەوە گوتی:«من زمانی ئینگلیزی لە بەندیخانە، لە ئەحمەدی قازی فێر بووم». دكتور سەمیعی ئێستا زمانناس و لێكۆڵەرێكی بەناوبانگە و ماوەیەكی زۆریش سەرنووسەری «نامەی فەرهەنگستان»ی ئێران بوو.

یەكەم بەرهەمی مامۆستا ئەحمەدی قازی، وەرگێڕانی ڕۆمانی«شەوی بێ كۆتایی (شب بی پایان)»بوو كە لە بەندیخانە وەریگێڕا و پاش ئازاد بوونی لەچاپیدا. لە پاش ئازاد بوونیشی لە تاران مایەوە و بە گوتنەوەی وانەكانی زمانی ئینگلیزییەوە خەریك بوو.

مامۆستا قازی دۆست و هاوڕێی نزیكی شەهید دكتۆر سادقی شەرەفكەندی بوو. قۆناغەكانی خوێندنیان پێكەوە بردبووەسەر و لە مەنزڵ پێكەوە بوون، هەرچەند لقی خوێندنیان جیاواز بوو، لە هێندێك وانەی گشتیش وەك فەلسەفەی پەروەدە، زمانی ئینگلیزی و فارسیش هاوبەش بوون. ڕۆژێك بیرەوەرییەكی خۆی لە بارەی زیرەكی شەهید دكتۆر شەرەفكەندی بۆ گێڕامەوە، فەرمووی:« مامۆستایەكمان هەبوو وانەی فەلسەفەی پەروەردەی ڕۆژئاوای پێدەگوتین، وانەكەی لامان زەحمەت بوو، كاتی تاقیكردنەوە هات و پرسیاری زۆری هێنابووەوە، پرسیارەكانی كراوە بوون، بچووبایە دەرێش و هاتبایەوە چ نەبوو، بەڵام دەبوو لەكاتی دیایكراودا دەست هەڵگری. هەموو قوتابییەكان زەندەقیان چوو بوو. كاتێك وەرەقەكانی بۆ هێنایەوە، لە پێشدا گوتی:«سادقی شەرەفكەندی، كامەتانن؟». سادقیش هەستا گوتی:« منم». گوتی: «وەرە ئێرە». مامۆستاكە دەستی لەسەر شانی دانا و گوتی :«ئەم ئاغایە لە بیستی من، نۆزد و نیوی گرتووە!». «پێمبڵێ تۆ چۆنت توانیوە ئاوا بخوێنی، ئەو نمرەیە بێنی؟» گوتی من هەر گوێم لە تۆ ڕاگرتووە و مەلزەمە(جوزوە) یەكی «ئەحمەدی قازی»شم خوێندووە كە ئەوانەی جەنابت گوتووتن نووسیوێتەوە. گوتی بەڵام ئەحمەد قازی خۆی سێزدە و نیوی وەرگرتووە، هەرچند ئەو دووەم نمرەی وەرگرتووە، بەڵام كەس بەقەت تۆی نەگرتووە. سێ كەس نمرەی لە سەرووی دەیان گرتبوو».

ئەم دۆستایەتییە و پێشینەی سیاسی مامۆستا قازی، لەسەروبەندی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بەدژی حكومەتی پاشایەتی، وایان كرد سەرلەنوێ لە خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی بەشدار بێتەوە. بەڵام ئەمجار بە ئەزموونێك لە زمانزانی و ڕۆشنبیری. مامۆستا قازی سەرەتا لە پێوەندیی سیاسی نێوان تاران و كوردستاندا چالاك بوو، پاشان بە داسەپاندنی شەڕ بە سەر كوردستاندا لەلایەن كۆماری ئیسلامییەوە، لە بەشی چاپەمەنی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران كاری دەكرد. ڕاوێژكاری ڕۆشنبیریی حیزب و شەهید دكتۆر قاسملوو بوو.

لە سەروبەندی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و لانیكەم تا ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی بە هۆی زاڵبوونی زمانی فارسی بەسەر ئێراندا و خوێندەواریی بەو زمانە و هەروەها زاڵبوونی ڕەوتی چەپ لەئێران و ئەدەبیاتی حیزبی توودە، لاوانی خوێندەواری كوردستانیش بەشێكی بەرچاویان هەر خوێنەری ئەو ئەدەبیاتە و كەوتبوونە بەر كاریگەریی بیركردنەوەی چەپ.ئەم بارودۆخە و بەتایبەتی بوونی حیزبە چەپە توندڕۆكان لەكوردستان، شەهید دكتۆر قاسملوی نیگەران كردبوو، كە ئاخۆ ئەم گەنجانە و ئەم حیزبە چەپە كوردانە كەی وەخۆدێنەوە، وەك كوردێك لە مەسەلەكان بڕوانن، ئێمە دەبێ بۆ خۆشمان كارێك بكەین بەرەو خوێندنەوەی مێژووی كورد و ئەدەبیاتی كورد هانیان بدەین. ئەو كاتە جگە لە كتێبی «كوردستان و كورد»ی شەهید دكتۆر قاسملوو و چەند كتێبێكی دیكە و چەند دیوانێكی شیعری بەكوردی، كتێب و نووسراوە بە كوردی یان لەبارەی كوردانەوە زۆر كەم بوو. بۆیە، بڕیاریاندا كە دەستبكەن بە بەرهەمهێنان بە زمانی كوردی و یان نووسین بە زمانی فارسی لە سەر مێژووی بزوتنەوەی نەتەوایەتی كورد.

مامۆستا قازی وەك خۆی دەیگێڕاەوە:چیرۆكە تەنزییەكەی «باقە بێن»ی ئەو كاتە و لەسەر بنەمای ئەو بیركردنەوەیە نووسی. شەهید دكتۆر شەرەفكەندیش دەستیكرد بە وەرگێڕانی «بزوتنەوەی نەتەوەیی كورد» لە كارەكانی كریس كۆچیرا و پاشان كتێبێكی لەسەر مێژووی بزوتنەوەی نەتەوایەتی كورد نووسی.

مامۆستا قازی وەك كەسایەتییەكی خاوەنبیر، دەوری بەرچاوی هەبوو لە بەرهەمهێنانی بیر و زمان و ئەدەبیاتی كوردی و گرێدانەوەی ئەدەبیات و بزوتنەوەی سیاسی نەتەوایەتی كورد پێكەوە. بەتایبەتی، دۆستایەتی و هاوڕێیەتییەكانی لەگەڵ مامۆستا هێمن، مامۆستا هەژار و زۆربەی ئەدیبان و نووسەرانی نەسلی كۆمار و نەسلی دوای ڕاپەڕینی گەلەكەمان واتە نەسلی شۆڕش وایكردبوو ئەركی بەیەك گەیاندنی نەسلەكان و ڕەسالەتی نووسەر و ڕووناكبیرێكی ڕەسەنی كوردی بكەوێتە سەرشان. ئەو كەسانێكی دووره پەرێز و گۆشەگیری وەك مامۆستا محەمەدی نووری، كە لە سەردەمی كۆمار بە «عەتری گلۆڵانی» ناسرابوو، و بەقەولی مامۆستا قازی :«ئێستا لە شێعران چووبووەوە»، هێنایەوە ناو كۆڕی نووسین و شیعر و ئەو هەستە ناسك و زمانە پاراوەی بووژاندەوە. هەروەها مەلا كەریمی ساردە كوێستانی ناسراو بە«ڕاوچی» زۆر هاندەدا و ڕێزی دەگرت بۆ ئەوەی بنووسێ و ئەو كوردییە جوانەی تۆمار بكات.

مامۆستا قازی پاش دامەزرانی «ناوەندی بڵاوكردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی كوردی» و دەرچوونی گۆڤاری «سروە»، بە پێشنیاری كۆمەڵێك لە نووسەر و ڕۆشنبیران، یەك لەوان مامۆستا هەژار، لەپاش كۆچی دوایی مامۆستا هێمن، ئەركی سەرنووسەریی گۆڤارەكەی پێسپێردرا. بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ لەو ئەركەدا بەردەوام بوو. هەبوونی ئەزموونێكی باشی لە نووسین و وەرگێڕان و زمانزانی، لەو ئەركەدا زۆر سەركەوتووی دەرخست. پێوەندییەكانی بەباشی بەكارهێنا بۆ پێشخستنی زمان و ئەدەبیاتی كوردی. لە نووسینی كتێبی «ڕێزمانی كوردی»دا، بە دوو زمانی فارسی و كوردی ئەو توانایی و وردبینییەی بەباشی دەردەخات.لەكاری نووسیندا زۆر ورد بوو، بەتایبەتی لە زاراوەسازی و فەرهەنگ نووسیدا زۆر بەوردییەوە هاوواتاكانی بە كوردی هەڵدەبژارد. هەموو وتار یان بابەتێك كە وشەی كۆنی خۆماڵی یان زاراوەی تایبەتی بیانی تێدا بایە، لە لاپەڕەی فەرهەنگۆكی سروەدا جێی بۆدەكردەوە. تەنانەت لە دوا دیداریشمان ساڵی ٢٠١٤دا هەر بەو هەستیارییەی جارانییەوە باسی زاراوەكانی دەكرد. یەك لەوانە، زاراوەی لەفارسی «بازیافت» لە فارسیدا بوو كە لە ئینگلیزیدا بە (recycling)هاتووە. هاوتای «مردەوەژی» كوردی زۆر پێ گونجاو بوو. جەختیشی دەكردەوە كە منیش هەم خۆم بەكاری بێنم، هەم بە قوتابییەكان و هاوكار و ڕۆژنامە نووسانی باشووریش بڵێم با بەكاری بێنن. بەڵگەشی ئەوە بوو، لە زمان ژنێك دەگێڕایەوە كە ساڵان گوریس و شەغرە ، جەواڵ و شتی لەخوری كە لە كەڵك دەكەوتن، لە ئاودا دەیان خووساندن و سەر لە نوێ شانەیەن دەكرد و دەیان ڕستنەوە و دەیانكردنەوە بە بەن. واتە، دووبارە دەیانژیاندنەوە و بۆ دروستكردن و هۆنینەوەی كەرەستەی نوێ بەكاریان دەهێنانەوە، بۆیە پێیان دەگوتن «مردەوەژی».

ئەم وردیی و هەستیارییەی مامۆستا ئەحمەدی قازی و پربەرهەمی و تێكەڵاوی لە گەڵ پیر و لاو و ئامادەیی ڕاستەوخۆی لە كۆڕو كۆبوونەوی ئەدەبی و ڕۆشنبیەرییەكان لە شارەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان وایكردبوو كە بەهەق ڕێبەرایەتی بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی كوردی بكاو ئاراستەی بكا. بەتایبەتی لە جێخستنی زمانی نووسینی ئەدەبی كوردیی ناوەڕاست لە ڕۆژهەڵاتدا دەورێكی سەرەكی هەبوو.

مامۆستا قازی زۆرجار لەبارەی بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی ناوەندی بڵاوكردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی كوردی (ئینتیشاراتی سلاحەددینی ئەیووبی) بەخۆشحاڵییەوە دەیگوت «ئەوانە پێماندەڵێن ئێوە ئێرەتان كردووەتە (دەفتەری فەرهەنگی حیزبی دێموكرات)». هەربۆیە، مامۆستا لەزۆر كۆڕ و كۆبوونەوە كە بۆ بۆنە ئەدەبی، هونەری و ڕۆشنبیرییەكان دەبەسترا، نوێنەرایەتی حیزبیشی دەكرد و چەند وتەیەكی پڕ واتا و تەشەری بەتەنگەی دەسەڵاتدارانی ستەمكارەوە دەنا.

جارێكیان خوێندكارەكوردەكانی زانكۆی ورمێ بەبۆنەی ساڵرۆژی كیمیبارانی هەڵەبجەوە كۆڕە یادێكیان بەڕێوە برد. مامۆستاشیان دەعوەتكرد بوو. ئەو كاتە بۆ دووهەمجار لە مێژووی كۆماری ئیسلامیدا ئەندام پارلەمانێكی كورد لە ورمی دەنگێكی زۆری هێنابووەوە و دەرچوو بوو، «حەسەنی»، ئیمام جومعەی ورمێ گوتبووی ئەگەر كورد بچێتە پەرلەمان كفن لەبەردەكەم و دێم پێشیان لێدەگرم. مامۆستا قازی ئەو كۆبوونەوەیەی بە هەل زانی و گوتی:« ئەوە من زیاتر لە ٦٠ ساڵ تەمەنمە هێشتا فەرماندارێكم لە مەهاباد نەبینیوە، هیچمان پێ ڕەوا نابینن، ئەگەر وەدەنگ دێین و دەیدەینە چیا، پێمان دەڵێن یاغی، ئەگەر بەهێمنی بەشداری دەكەین و دەمانەوێ لەدەسەڵات بەشدار بین، یەك كفن لەبەر دەكا و یەك هەڕەشەدەكات. نازانین چۆن و بە چ زمانێك پێیان بڵێین ئێمەش هەین». بۆیە، مامۆستا نەك هەر لە ژوورێدا و لەناو نووسیندا، لە فەزای گشتیشدا دەنگی كپكراوی نەتەوەكەی بوو.

تایبەتمەندییەكی هەرەگرینگی مامۆستا ئەحمەدی قازی، نەچوونە ژێر باری سانسۆڕ بوو، بەو مانایەی كە هەرچییەك بۆ سروە هاتبا، بەمەرجێك تایبەتمەندییە جۆرییەكانی نووسین و دەقەكەی پاراستبایە، دینووسی «شیاوی بڵاوكردنەوەیە(قابل درج است)». ئەوانە كە لە بواری تەكنیكی نووسینیشەوە ناتەواو بایەن، بیزانیبایە ناوەرۆكێكی باشیان هەیە، بە ڕاستكردنەوەی زمانەكەیان بڵاوی دەكردنەوە. هەر ئەمەش وایكرد بوو كۆمەڵەكەسێكی زۆر هانبدرێن دەست بەرن بۆ نووسین بەزمانی كوردی.

لەپاڵ كاری بەردەوامی نووسین و وەرگێڕان و ئیدیت(ویراستاری) بابەتەكانی گۆڤاری سروە، لە وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبی ، مێژوویی و سیاسییەكانیش لە ماڵێدا بەردەوام بوو. لەو كتێبانەی دیكەی كە مامۆستا وەریگێڕا و زمانێكی تەنزی هەبوو، «دوانەی سەیر و سەمەرە»ی مارك تواین، «دۆن كیشۆت»ی سێرڤانتێس بوون. ئەفسانەی «گیلگەمیش»ی شاملوو و ساغكردنەوەی دیوانی سەیفولقوزات لە بەرهەمە كوردییەكانی دیكەی بوون. وەرگێڕانی «نەسلی هەژدیها»(نسل اژدهاك)ی پێرل باك، «ژانی گەلی» ئیبراهیم ئەحمەد لە گەڵ وەرگێڕی بەناوبانگ، «محەمەدی قازی» ونووسینی كورتە مێژووی كوردستان بە فارسی، كوردستان پاش شەڕی كەنداو وەرگێڕان(چاپ نەكراو) لەو بەرهەمانەن كە بەزمانی فارسین.

مامۆستا قازی بەهەق فەرموودەكەی پێشەوای مەزنی بەجێهێنا و تا داواساتەكانی لێدانی دڵی لە هەوڵی پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییانەیدابوو كە لە بواری سۆزداری، مەعریفی و ناسنامەییدا تووشی خۆی و نەسلی ئەو و نەتەوەكەی هاتبوو.

بەهەق ئەو لە پێناو گەلەكەیدا ژیا و گەلێك بەرهەمی بەنرخی وەك میراتی هەوڵ وتێكۆشانی ڕەوا لەپاش خۆی بەجێ هێشت. ئێستا ئەركی ئێمەیە وەك ئەوان لەو ڕێبازە دانەبڕێین و بە دڵسۆزیی و بەرپرسیارێتییەوە ئەو مەشخەڵەی ئەو و هاونەسلەكانی دایانگیرساندەوە بە هەڵكراوی بهێڵینەوە. یادی بەخێر و ڕێگای پڕ ڕێبوار بێ

**ئەحمەد قازی**

**بۆ «شەهیدانی شاروێران»**

**هەستە ئەی سروە بڕۆ بێنە هەواڵێکی وەتەن**
**وەک دەڵێن سوورە بە خوێن کێو و کەژ و دار و دەوەن**
**وەک دەڵێن مەحشەری کوبڕایە لە دەشتی قەرەداغ**
**جێی شەهیدانی گەلی کوردە بەهەشتی قەرەداغ**
**قەرەداغ مەوتەنی شێرانی شەهیدی وەتەنە**
**جێی سولەیمان و عەلی و یۆسفە، کڵگۆی حەسەنە**
**ئەی شەبەک خۆشی لە تۆ، بیکەوە ئەو ئامێزە**
**تەرمی ئەو لاوە لە باوەش گرە، بیپارێزە**
**بە تەبیبان بڵێن ئامانە چ دەستی نەکەنێ**
**ناسکە ساڵە نەوەکا بێنێ برینی تەشەنێ**
**چاوی هەر رەش بێ هەتا دێمەوە، کوڵمی هەر گەش**
**مار و مێروو نەیەڵێ لەو گوڵە بمکەن بێ بەش**
**نابێ چی لێ بێ بە هیچ شێوە گوڵی پەڕپەڕ بووم**
**تا بە فرمێسکی نەشۆم ، کفنی لە هێرۆ نەدرووم**
**من بە دەسرەی گوڵە مێلاقە برینی دەسڕم**
**کفنی سووری لە گوڵی ئاڵی چیا بۆ دەبڕم**
**خادیمی ئەو حەرەمەم تا دەمرم**
**دەوری ئەو گۆڕە بە پەرژینی وەنەوشان دەگرم**
**دەچەقێنم لەسەر ئەو گۆڕە پەلی دارەبەنێ**
**عاشقان سەر لە عەلی دەن کە غەریبە بەتەنێ**
**کەوی سەرمەستی بەهاری لەسەری بخوێنێ**
**مستەفام بەو قسەیە و قاسپەیە بۆ بدوێنێ**
**شیوەنی ناوێ شەهید کاکە نەچی بۆی بگری**
**ڕۆڵەرۆی ناوێ لە تۆ دایکە نەچی بۆی بمری**
**دایکە رووسووری کە ڕۆڵەت کوڕی مەیدانێ بوو**
**باوکە سەربەرزی، کوڕی تۆ کەڵی کۆتانێ بوو**
**گەرچی منداڵ بوو عەلی سەروەر و سەردارم بوو**
**مەردی مەیدانی شەڕەف، هەڵمەتی چەکدارم بوو**
**کاری دژوارە دەبێ هەریەکە لایەک بگرین**
**نیشتمان بێکەسە، پێویستە هەموو بۆی بمرین**

# کشانی ئەستێرەی لێکۆڵەر و مێژوونووسی کورد



ئەحمەدی شەریفی لێکۆڵەر و مێژوونووسی کورد و خەڵکی شاری مەهاباد ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

مەخابن تەنیا سێ رۆژ پاش کاک ئەحمەدی قازی و بە مەودایەکی کورت لەو، کوردستانی رۆژهەڵات کشانی یەکێکی دیکەش لە ئەستێرە پرشنگدارەکانی فەرهەنگ و وێژە و مێژووی کوردی بە خۆیەوە دیت. کاك ئەحمەدی شەریفی مێژوونووسی کورد ساڵی ١٣٢٤ لە شاری مەهاباد لەدایك بووە. ساڵی ١٣٥١ لە رادیۆ و تەلەفزیۆنی کرماشان و مەهاباد و سنە دەست بە کار و چالاکی کردووە. مامۆستا ئەحمەدی شەریفی خاوەنی چەندین وتار و کتێبە بە زمانی فارسی و کوردی. پانتای چالاکی کاك ئەحمەد مێژوونووسی و داب و نەریت و کولتووری کوردەواری بووە و هەروەها توێژەری بواری ساغکردنەوەی دەق، دەستنووس و بەڵگەنامە مێژووییەکان و ئارشیڤداری ناسراوی گەلەکەمان بوو. بەرهەمەکانی لە لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی ئێران و تورکیە و وڵاتە ئورووپاییەکان چاپ و بڵاو بوونەتەوە.

مامۆستا ئەحمەدی شەریفی، دوای چەندین ساڵ خزمەتی بەردەوام بە زمان و ڕۆژنامەنووسی و مێژووی کورد، بەرەبەیانیی رۆژی چوارشەممە ٢٠ی جۆزەردانی ٢٧١٥ی کوردی (٢٠١٥/٦/١٠) پاش ململانێیەکی دژوار لەگەڵ نەخۆشی لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا لە یەکێك لە ناوەندە دەرمانیەکانی شاری مەهاباد دڵی لە لێدان کەوت.

کانوونی نووسەرانی کوردستان بەبۆنەی کۆستی لەدەستدانی نووسەرێکی خاوەن ئەزموون و لێکۆڵەرێکی ماندووەوە سەرخۆشی لە میراتگرانی قەڵم و بنەماڵە و هاوڕێیانی مامۆستا ئەحمەد شەریفی دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و بگرە خاوەنی ئەم کۆستە گەورەیە دەزانێت.

ئەو نووسەرە کوردە لە بواری رۆژنامەوانیی کوردی و لە کۆکردنەوەو پاراستنی دەستنووسەکان و بەرهەمە مێژوویەکانی کوردستان رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە.



**ئازیزەکەم ماڵئاوایت لێ ناکەم**
**چوون دەزانم گەر بە جەستەیش**
**نەگەڕێمەوە**
**هەموو ئێوارەیەک ڕۆحم**
**دێتە بەر درگات و لە باوشتا دەتوێتەوە**
**بەو دڵە نازدارت بێژە**
**توورە نەبێ**
**جیهان لای من ئەم ڕۆژانە**
**چەکێک و کۆلە پشتیەک و قومقومەیەک**
**پڕ لە ئاوی کانیاوەکانی کوردستانە!**

**هیوا میرزایی**

# بڵاوکراوەی نوێ

کتێبی «قاسملوو، مانیفێستی سیمای مرۆڤانەی ڕێبەری» لە نووسینی مەجید حەقی، نووسەر و چالاکی سیاسیی کوردی دانیشتووی وڵاتی فینلاند، لەلایەن چاپخانەی چوارچراوە چاپ و بڵاو کرایەوە

ڕۆژی یەکشەممە ٢٤ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی ، پەرتووکی «قاسملوو، مانیفێستی سیمای مرۆڤانەی ڕێبەری» لە نووسینی مەجید حەقی، نووسەر و چالاکی سیاسیی کورد بڵاوکرایەوە

پەرتووکی «قاسملوو، مانیفێستی سیمای مرۆڤانەی ڕێبەری» لە دووتۆی کتێبێکی ١٣٠ لاپەڕەییدا بڵاو کراوەتەوە و ٢٥ وتاری نووسەر کە بەبۆنەی ٢٥ـەمین ساڵڤەگەڕی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بڵاو کرابوونەوە لەخۆدەگرێت..



# KURDISTAN

*Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No: 655 ▪ 21 june 2015*



رۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


